https://doi.org/10.54809/jkss.viSpecial.114
گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی
Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# کۆمەڵکوژییەکەی زەعیم سدیق لە سلێمانی لە هەردوو روانگەی مێژوو و سیاسییەوە

**مستەفا عوسمان ئەحمەد**
توێژەر-قوتابی دکتۆرا -زانکۆی سلێمانی

**پ. کەیوان ئازاد ئەنوەر**
بەشی مێژوو-کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان-زانکۆی سلێمانی
Kaiwan.anwer@univsul.edu.iq

## پوختە

٩ی حوزەیرانی١٩٦٣ز، بە یەکێك لە رۆژە رەش و تاریکەکانی شاری سلێمانی دانراوە, چونکە ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی دانیشتوانەکەیان بە ئاراستەیەکی خراپدا گۆڕیی و دۆخێکی تایبەت و نەخوازراویان بۆ ژیانی ئاسایی شارەکە درووستکرد، کە وایکردووە ،بۆ ساڵانی دواتریش، لە ئەندێشە و بیرەوەریی دانیشتوانی شار و نەوەکانی ئایندەیدا بمێنێتەوە. بۆیە پیویستدەکات لە دووتوێی توێژینەوەیەکی زانستییدا ئەو کۆمەڵکوژییە بخرێتەبەر لێکۆڵینەوەیەکی ورد کە ئەو رووداوە و هۆکار و ئەنجامەکانی، لەپاڵ رەهەند و لێکەوتە سیاسییەکانی لە مێژووی کورددا بە ئەمانەتەوە بپارێزرێت. توێژینەوەکە بایەخیداوە بە هۆکارەکانی پشت روودانی کۆمەڵکوژییەکەی شاری سلێمانی و، ئاماری کوژراو گیراوەکانی ئەو کۆمەڵکوژییەی کە بوون بە قوربانیی سیاسەتی چەوتی (زەعیم سدیق) ی فەرماندەی لیوای بیستی ئێراق. توێژینەوەکە لەسەر دوو رەهەندی مێژوو و سیاسەت کاریکردووە و، بە میتۆدی (وەسفیی- شیکاریی) کراوە و، هەوڵدراوە دوای خستنەڕووی زانیارییەکان وەسفێکی شوێن و کەسایەتییەکان و ئاراستەی رووداوەکان بە میتۆدی مێژوویی ریزبەندییەکی بکرێت، دواتر شیکارێکی زانستیی بۆ هەریەك لەو لایەنانە کراوە. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش، هەوڵدراوە توێژینەوەکە بۆ (سێ) تەوەر دابەشبکرێت. تەوەری یەکەم بۆ باسی شاری سلێمانی و زەمینەکانی پێش رووداوەکە و هۆکارەکانی پشتی کۆمەڵکوژییەکە. تەوەری دووەمیش تەرخانە بۆ چۆنێتیی کۆمەڵکوژییەکە و کاریگەریی و شوێنەواریان لەسەر دانیشتوانی شارەکە و کاریگەریی بۆ سەر پێگەی بەعسییەکان لە دەسەڵاتدارێتی عێراق دا. لە تەوەری سێیەمیشدا تیشکخراوەتە سەر رەهەندە سیاسییەکانی ئەو رووداوە. ئاستەنگەکانی بەردەم ئەم توێژینەوەیە کەم نین، چونکە کارکردن لەسەر بابەتێکی مێژوویی، کە تەمەنی لە (٦٠) ساڵ تێپەڕنەبوویێت و هەتا ئێستاش لە بیرەوەیی سەدان کەس و لە تۆماری سەدان دۆکیومێنت و وێنەدا، خۆی حەشاردابێت، کارێکی سەختبووە، هەتا بتوانرێت زۆرترین و وردترین و نوێترین زانیاریی لەسەر کۆی رووداوەکە بخرێتەڕوو، بۆیە کۆسپی سەرەکیی بەردەم ئەو توێژینەوەیە، تەنیا دەستنەگەیشتن نەبوو بە تەواوی شایەتحاڵەکان و وێنەکان و بەڵگەنامەکان، بەڵکو کۆکردنەوە و دانانی ئەو هەموو زانیارییانە بوو لە توێژینەوەیەکی ئاوەهادا، کە دەبوو کۆی لاپەڕەکانی سنوورداربن، بۆیە زۆرێك لە گێڕانەوە و بەڵگەنامە و وێنەکان نەخراونەتەڕوو. ئەنجامی

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

توێژینەوەکەش لە شەنوکەوی رووداو و گێڕانەوە و بەڵگەنامەکان گەیشتنبووە بە کۆمەڵێك ئەنجام, کە زیاتر ئەوەیە، رووی ڕاستەقینەی خراپەکاریی و تاوانکاریی دەسەڵاتدارانی عێراق و لەنێوانیاندا بەعسییەکان لەسەرەتای هاتنیانەوە بۆ مێژوو دەرکەوتووە و، هەتا جارێکی تر بەهۆی دەسەڵاتدارانێکی نوێوە و شارەکە و باشووری کوردستان دووچاری کۆمەڵکوژییەکی وەها نەبێتەوە. کۆی لێکدانەوەکانیش وەك راسپاردە پێشکەشکراون، نەك هەر لە چەند خاڵێکدا بخرێتەڕوو، کە پێدەچوو زیادەبن.

**کلیکی ووشەکان: سلێمانی، بەعسییەکان، زەعیم سدیق، ٩ی حوزەیرانی١٩٦٣ز**

# پێشەکیی

یەکێك لـە رۆژە ڕەش و تاریکەکانـی شـاری سـلێمانی، (٩ی حوزەیرانـی ١٩٦٣ز)یـە. ئـەو رۆژەی ژیانـی سیاسـیی و کۆمەڵایەتیـی دانیشـتوانەکەیان بـە ئاراسـتەیەکی خراپـدا گۆڕیـی و دۆخێکـی تایبـەت و نەخوازراویـان بـۆ ژیانی ئاسـایی شـارەکە دروسـتکرد. ئـەوەش کاتێـك فەرماندەیەکـی سـەربازی سـوپای عێـراق بەنـاوی (سـدیق مسـتەفا) نـاسراو بـە (زەعیـم سـدیق) بـە ئەنجامدانـی کۆمەڵکوژییـەك تێیـدا، دۆخـی شـارەکەی بەئاراسـتەیەکی ترسـناکدا وەهـا گۆڕیـی و کاریگەرییەکـی وەهـای دروسـتکرد، کـە بـۆ سـاڵانی دواتـر لـە ئەندێشـە و بیرەوەریـی دانیشـتوانی شـار و نەوەکانـی ئایندەیـدا بمێنێتـەوە.

بـۆ خسـتنەڕووی مێـژووی ئـەو ڕووداوە و هـۆکار و ئەنجامەکانـی، لەپـاڵ ڕەهەنـدە سیاسـییەکانی ئـەم توێژینەوەیـە ئامادەکـرا. ئامانـج لێـی گەیشـتنە بـە واقیعـی ڕووداوەکـە و هەڵماڵینـی چەندیـن لایەنـی پشـتەوەی، کـە تـا ئێسـتاش بـە نادیاریـی ماونەتـەوە. بـۆ ئـەو مەبەسـتەش ئـەم توێژینەوەیـە لـە (دوو) تـەوەردا کاری لەسـەر کـراوە. لـە تـەوەری یەکەمـدا بـاس لـە شـاری سـلێمانی و زەمینەکانـی پێـش ڕووداوەکـە و هۆکارەکانـی پشـتی کۆمەڵکوژییەکـە کـراوە. تـەوەری دووەمیـش بـۆ چۆنیەتـی کۆمەڵکوژییەکـە و کاریگـەری و شـوێنەواریان لەسـەر دانیشـتوانی شـارەکە و کاریگـەری بـۆ سـەر پێگـەی بەعسـییەکان لـە دەسـەڵاتدارێتی ئێـراق کـراوە. بەئەنجامێکـش، کـە توێـژەر لەکـۆی توێژینەوەکـە پێگەیشـتووە لەگـەڵ ئـەو سـەرچاوە و پاشـکۆیانەی بۆئـەم توێژینەوەیـە سـوودی لێوەرگیـراوە.

# تەوەری یەکەم

## شاری سلێمانی و زەمینەکانی پێش ڕووداوەکە و هۆکارەکانی پشتی کۆمەڵکوژییەکەی

شـاری سـلێمانی لـە دامەزراندنییـەوە تـا سـاڵی (١٩٦٣ز): (سـلێمانی) بەیەکێـك لـە شـارەکانی باشـووری کوردسـتانی سـەر بـە دەوڵـەتی عێـراق دادەنرێـت، کـە لـە ئاسـت ناسراویـی ناوەکـەی، مێـژووی درووسـتبوونی لـە دوو سـەدە و نیـو تێپـەڕ نـاکات. ئـەوەش کاتێـك (ئیبراهیـم پاشـا) میـری میرنشـینی بابـان لەسـاڵی (١٧٨٤ز) شـارەکەی بنیاتنـا، هەتـا پایتەختـی میرنشـینەکەی لەگونـدی (قەڵاچـوالان)ی ناوچـەی شـارباژێرەوە بگوێزێتـەوە بـۆ ئـەو شـارە نوێیە(محمد امین زکـی٢٠٠٢، صـص١٠٦-١٠٧). لـەو کاتەشـەوە هەتـا دەگاتـە سـاڵی (١٩٦٣ز)و سـاڵی کۆمەڵکوژییەکـە، (١٧٩) سـاڵی لـە تەمەنـی بەرێکـرد. لـەو ماوەیەشـدا، سـەرباری ئـەوەی لەنێـوان سـاڵانی (١٧٨٤-١٨٥١ز) پایتەختـی میرنشـینی بابـان بوو(محمـد امـین زکی، صـص٢٠٥-٢٠٧؛ شـوانی٢٠٠٢، ل٢٣)، لەنێـوان سـاڵانی (١٩١٨-١٩١٩ز)و (١٩٢٢-١٩٢٤ز) پایتەختـی دەسـەڵاتەکەی (شـێخ مەحمـود) بـوو لـە (دوو) کاتـی جیاواز و (سـێ) خولـی دەسەڵاتیدا((سـدیق ساڵح٢٠٠٦، لل(٣١-٥٨، ١٠٦-١٧٤)؛ شـوانی، لـل(١٥٠-١٧٧) )). کاتێکیـش حکومەتـی باشـووری کوردسـتان بە سـەرۆکایەتی (شـێخ مەحمود) لەساڵی (١٩٢٤ز)دا رووخـاو شـارەکە لـە (١٩ی تەممـووزی١٩٢٤ز) لەلایـەن هێزێکـی لیڤـی بەریتانیـا و سـوپای عێـراق داگیرکـرا (الحسـني١٩٧٨؛ ٢٧٢/١، سـدیق سـاڵح، لـل١٧٣-١٧٤)و بـوو بـە لیوایەکـی سـەر بـە دەوڵـەتی عێـراق (نبیـل عبدالرحمـن صیـاوي، بـلا، صـص١١-١٣). لـە دوای رووخانـی رژێمـی پادشـایەتییش لـە (١٤ی تەممـووزی١٩٥٨ز)، هەتـا سـەردەمی بەعسـییەکانیش هـەر بـە لیـوا مایەوە(عەبدوڵڵا غەفـور٢٠٠٢؛ ل٦٦، توانا رشـید کریـم٢٠٠٢، لـل٣١-٣٣؛ هـەوراز جوهـەر مەجیـد٢٠١٢، لـل٢٧-٣١). بەدرێژایـی ئـەو ماوەیـەش رووبـەڕووی چەندیـن پیـلان و شـاڵاوی

سەربازیی و رووبەڕووبوونەوە بووەتەوە. دیارترینیان دامرکاندنەوەی راپەڕینەکەی (٦ی ئەیلولی١٩٣٠ز) بوو، کە نزیکەی (٤٠) کوژراو برینداری لێکەوتەوە(طە بابان٢٠٠٢، ٢٢/١).

یەکێکی تر لەو رووداوانەی کە جارێکی تر ئەو شارەی هێنایەوە نێوناوان، (شۆڕشی ئەیلوول) بوو، کە لە (١١ی ئەیلوولی١٩٦١ز) هەڵسا. یەکەمین رووبەڕووبوونەوەی چەکدارییش لەنێوان حکومەتی عێراق و کورد کەوتە ئەم سنوورەوە. ئەوەش کاتێك هۆزەکانی سنووری لیوای سلێمانی لە چیای زمناکۆی نزیك شارۆچکەی (دەربەندیخان) لە (٩ی ئەیلولی١٩٦١ز) رووبەڕووی سووپای عێراق بوونەوە و (دەربەندیخان)یان ئازادکرد و دەستیان بەسەر بەنداوەکەیدا گرت(عەبدوڵلا ئەحمەد رەسوڵ پشدەری١٩٩٧، ١٩/١-٢٠؛ میرزا محەمەد ئەمین مەنگوری١٩٩٩، ٢٩/٢؛ خالید دلێر٢٠٠٣، ل١٢٨؛ محەمەد باقی سەعید٢٠١٦، ل٤٤). دوای دوو رۆژ لەمە، پێکدادانی دووەم لە (دەربەندی بازیان) روویدا(مسعود بارزانی٢٠١٢، ٣٦/١/٣؛ محەمەد باقی سەعید٢٠١٦، ل٤٤؛ سەلاح رەشید٢٠١٧، ١٧٣/١)، هەردوو ناوچەکەش سەر بە لیوای سلێمانی بوون(عەبدوڵلا غەفوور، ل٦٦؛ جەمال بابان و ئاسۆ بابان و ئومێد خالید٢٠١٢، ٢٧٥/٣-٢٨٠). ئەوەش بەو مانایە بوو کە هەردوو رووداوەکە، هۆکاری هەڵسانی شۆڕشەکە بوون، لە ناوچەکانی سەر بە لیوای سلێمانی سەرچاوەیانگرت. لەنێو ئەو رووداو ململانێ و شەڕانەی نێوان حکومەتی عێراق و شۆڕشگێڕانی کورد لە (١١ی ئەیلولی١٩٦١ز)دا، هەتا کۆتاییهاتن بە دەسەلاتی (عەبدولکەریم قاسم)و هاتنی بەعسییەکان بۆ دەسەلات، سەرباری کوژران و برینداربوونی سەدان کەس، نزیکەی (١٢٧٠) گوندیش وێرانکران و سووتێنران(جوناتان سی٢٠٠٣، ل٢٠٠). ئەو گوندانەشی وێرانکران و سووتێنران، نەك هەر زێدی خەڵکەکەی، بەڵکو پشتیوان و جێگای حەوانەوە پێشمەرگەکانی شۆڕشیش بوون.

بەعسییەکان و کودەتاکەیان لە عێراق: (بەعسییەکان)، کە هۆکاری کۆمەڵکوژییەکەی (٩ی حوزەیرانی١٩٦٣ز)ی شاری (سلێمانی) بوون، ئەندامان و لایەنگران و هەوادارانی پارتێکی نەتەوەپەرستی شۆڤێنی عەرەبیی بوون، بەناوی (پارتی بەعسی سۆسیالیستی عەرەبیی)، کە لە (٤ی نیسانی١٩٤٧ز) لەلایەن کەسایەتییەکی سووریایی و بە ئایین مەسیحی ناوی (میشێل عەفلەق)، لە (گازینۆ رەشید)ی شاری (دیمەشق)ی پایتەختی وڵاتی (سووریا) دامەزرا(عبدالرزاق الحسنی١٩٨٠، ص٢٨٢). سەرەتا بە ناوی (پارتی بەعسی عەرەبیی) دامەزرا، بەلام دواتر و لە (١٣ی تشرینی دووەمی١٩٥٢ز) لەگەڵ (پارتی سۆشیالیستی عەرەبیی) بە سەرۆکایەتی (ئەکرەم حۆرانی) یەکیانگرت و بە هەردووکیان لەسەر ناوی (پارتی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبیی) رێکەوتن (هادی حسن١٩٨٤، صص٣٢-٣٤؛ حنا بطاطو٢٠٠٦، ٤٧/٣-٤٨؛ محمد منذر٢٠٠٤، ص٧٢). بەوەش پارتێکی نەتەوەپەرەستی عەرەبی کەوتە نێوناوان، کە کاریدەکرد بۆ یەکپارچەیی نەتەوەی عەرەب لە یەك دەوڵەتی یەکگرتوودا، ئامانجیشی ئەوە بوو هەر خۆی رابەرایەتیی ئەو دەوڵەتە و کۆمەڵگە عەرەبییە بکات(میشیل عفلق١٩٨٦، ٣٣/١-١٩٠؛ الیاس فرح١٩٨١، ١٠٩/١). باوەڕبوونیشیان بە یەکپارچەیی خاکی عەرەبیی و نەتەوەی عەرەب بەو مانایە بوو، کە هیچ پێکهاتەیەکیان جگە لە عەرەب لەنێو ئەو خاکەی بە نیشتمانی عەرەبیان دەزانی، پێ قبووڵ نەبوو(عبدالله حنا، بلا، صص٨٥-٨٦؛ د. علی کریم سعید١٩٩٩، صص٤١-٤٢؛ حوسێن محەمەد عەزیز٢٠٠٠، ل١٩٩). ئەو کارەش سەرباری ئەوەی دەستێوەردان بوو لە کاروباری دەیان دەوڵەتی عەرەبیی و دەیان پێکهاتەی جیاجیای نێو ئەو دەوڵەتانە لەو سەردەمەدا، لە هەمانکاتدا تێکدانی دۆخی سیاسیی و کارگێریی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی پێکهاتەکانی ئەو دەوڵەتانەش بوو، کە یەکێك لەوان (دەوڵەتی عێراق) بوو. هەروەها کاریگەرییشی لەسەر باری دەروونیی و

فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی ئەو دەوڵەت و پێکهاتەکانی ناوی درووستکرد(د. عبدالفتاح البوتانی٢٠٠٤، ص٣٢٤؛ شیرزاد زکریا محمد٢٠٠٦، صص١٣٠-١٣١). ناسیین و دەرکەوتنیشیان لەعێراق دا بۆ هەوڵی تیرۆرکردنی (عەبدولکەریم قاسم) دەگەڕێتەوە، کاتێك لە (٧ی تشرینی یەکەمی١٩٥٩ز) لە شەقامی رەشیدی شاری (بەغداد) بۆسەیان بۆ کەژاوەی ئۆتۆمبێلەکانی نایەوە و تەقەیان لێکرد، برینداریانکرد، بەڵام نەکوژرا (د. علی کریم سعید، ص٤٥). هەربۆیە، کاتێك کودەتا سەربازییەکەیان لە (٨ی شوباتی١٩٦٣ز) کرد و گەیشتنە دەسەڵات، ئەم پارتە بە کۆمەڵگەی عێراقی نامۆ نەبوو. (البوتانی، ص٣٢٤؛ شیرزاد زکریا محمد، صص١٣٠-١٣١؛ مجید خدوری، بلا، ص٣٩٥؛ سۆزان کریم مستەفا، ٢٠٠٧، ل١٧٥).

سیاسەتی بەعسییەکان بەرامبەر بە کورد و خاکەکەی: سیاسەتی بەعسییەکان بەرامبەر بە کورد بۆ سەرەتاکانی دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوول دەگەڕێتەوە، کاتێك لە بەیاننامەیەکدا شۆڕشی کوردیان بە هۆکاری جیابوونەوە لە عێراق خستەڕوو. هەروەها ئاماژەیان بەوەدا، کە ئەم هەوڵە سەرەتایەکە بۆ دابەشکردنی خاك و دەوڵەتی عێراق و جیابوونەوەی ئەوان لەو دەوڵەتە، بۆیە مایەی قبووڵکردن نییە(نضال البعث القطري العراقي١٩٧٦، ١٤٥/٧-١٤٧). کاتێکیش گەیشتنە دەسەڵات درێژەیاندا بە هەمان سیاسەت. ئەوەیشی پاڵپشتیی ئەوانی کرد لەو سیاسەتەیاندا، پەیڕەو و پرۆگرامی پارتەکەیان بوو، لە پیادەکردنی ترس و تۆقاندن لەنێو ئەو کۆمەڵگەیەی رابەرایەتیی دەکەن، تا بتوانن بەڕێوەیببەن و هیچ کەسێك لە یاسا و داواکانیان دەرنەچێت(د. علي کریم سعید، ص٢٥٦؛ علی صالح میرانی٢٠٠٤، ص١٩٤). هەربۆیە، کەوتنە لێدان و گرتن و تۆقاندن و کوشتنی ئەوانەی دژی سیاسەت و بەرژەوەندییەکان بوون، بە مەبەستی بەهێزکردنی پێگەی خۆیان و بەرژەوەندییەکانیان لە دەسەڵاتدا(بهاالدين نوری١٩٩١، ص١٤؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین١٩٩٨، ل٦٨). لەو نێوەندەدا کەوتنە دژایەتییکردن و لێدان و زیندانییکردنی ئەو بەرپرس و کادیر و ئەندام و لایەنگرانانەی حیزبی شیوعیی عێراقیی و پارتی دیموکراتی کوردستان، کە کەوتنە بەردەستیان (زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، ب چ، ل٣٢٥، ل٢٣٩؛ سدیق ساڵح و ڕفیق ساڵح٢٠٢١، ل٦٦٦). تەنانەت ئەوانەشیان بۆ پۆست و کارەکانیان نەگێڕایەوە، کە پێشتر لە سەردەمی (عەبدولکەریم قاسم)دا دەرکرابوون یان دوورخرابوونەوە، بەتایبەت ئەوانەی لە ریزەکانی سوپا و هێزەکانی ناوخۆدا بوون. کار گەیشتە ئەوەی، ئەو کوردانەشی لە ریزی هێزەکانی ناوخۆ و سوپای عیراق دا بوون، بۆ باشووری عێراق دوورخرانەوە((سدیق ساڵح و ڕفیق ساڵح، لل(٦٦٦، ٦٨٢) )). دژایەتیی ئەوان بە ئاستێك دڕندانە بوو، نموونەی کەم بێت، تا ئەوەی ساڵی (١٩٦٣ز)، کە ساڵی کودەتای بەعسییەکان بوو بەسەر عێراق و باشووری کوردستانەوە، بە ساڵێکی رەش و شوومی کوردی باشووری کوردستان ناسرا(سۆزان کەریم مستەفا، ل١٧١). تەنانەت بەتوندترین شێوە کەوتنە لێدانی کورد و ناوچە کوردستانییەکان(بارزانی، ١٢١/١/٣؛ سەڵاح ڕەشید، ٢٥٨/١)، هەتا بە سووتاندنی هەزاران دۆنم زەوی کشتوکاڵی و رەز و باخ دەگات بۆ ئەوەی بنەمای ئابووریی کوردستان لەناو ببەن(ئیبراهیم جەلال١٩٩٨، ل١١٠؛ زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، ب.چ، لل٣٥٢-٣٥٩؛ شارەوانی سلێمانی٢٠٠٢، ل١٢). دەستیشیان لە مزگەوت و کڵیسا و شوێنە پیرۆزەکان نەپاراست(بارزانی، ١٢١/١/٣). لەم بارەوە (تالیب شەبیب) وەزیری دەرەوەی عێراق لەسەردەمی کودەتاکەیان سەبارەت بە کورد و شۆڕشەکەی وتبووی ''دەست ئەخەینە دەستی شەیتان بۆ کۆتاییهێنان بە کورد و شۆڕشەکەی''(بابان، ١١/١). هەربۆیە بە نەیارێکی سەرسەختی کورد و دۆزەکەی ناسران(کەنداڵ و ئەوانی تر١٩٩٨، ل٢٨٤؛ شارەوانی سلێمانی، ل١٠). بەوە باشبوو تەمەنیان نەگەیشتە ساڵێك و لە

١٨ی تشرینی یەکەمی١٩٦٣ز و لەلایەن (عەبدولسەلام عارف) سەرۆك کۆماری عێراق) کودەتایان بەسەردا کراو لە دەسەڵات دوورخرانەوە(کەنداڵ و ئەوانی تر، ل٢٨٥؛ شیرزاد زکریا محمد، ص٣٥٧، ئیبراهیم جەلال، ل١٢٣)، چونکە ئەگەر لە دەسەڵات بەردەوامبوونایە، کارەساتی گەورەتریان بەسەر کورد و خاکەکەیدا ئەهێنا.

پەیوەندی بەعسییەکان بە شاری سلێمانییەوە: یەکەم پەیوەندی بەعسییەکان بە شاری سلێمانییەوە بۆ پێش کودەتاکەیان دەگەڕێتەوە، ئەوەش کاتێك (تاهیر یەحیا) وەك نوێنەری بەعسییەکان و (ئیبراهیم ئەحمەد) وەك سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان و نوێنەری شۆڕشی ئەیلوول و خەڵکی شاری سلێمانی لەسەر شێوازی کاری ئایندەی بەعسییەکان، لەگەڵ کورد و شۆڕشەکەی کۆبوونەوە (صالح حسین الجبوری، بلا، ص١٥٠). ئەو پەیوەندییەش بەهۆی ئەفسەرێکی کوردی نزیك لە هەردوولا و خەڵکی شارەکە بەناوی (کەریم قەرەنی) ئەنجامدرا(بارزانی، ١٠١/١/٣،کۆچێرا، ل٢٩٠؛ سەلاح رەشید، ٢٠٩/١). ئەوەش یەکەم پەیوەندی بەرپرسێکی عەرەبی بەعسی بوو، بە کەسایەتییەکی سیاسی کوردی خەڵکی شاری سلێمانی و نیشتەجێ ئەو شارە. لەو دیدارەشدا باس لە ئایندەی کاری بەعسییەکان لە عێراق و پشتیوانیان بۆ دۆزی کورد کرا(الجبوری، ص١٥٠). بە وتەی (تالیب شەبیب)و لە زاری (تاهیر یەحیا)ەوە، (ئیبراهیم ئەحمەد) وەك سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی، زۆر سوور بوو لەسەر ئەو گفتوگۆیە و گەیشتن بە رێکەوتن. تەنانەت (جەلال تاڵەبانی)یش وەك ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی، بەڵێنی ئەوەی دابوویە سەرانی بەعس، کە ئامادەیە (مستەفا بارزانی) بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆ لەگەڵیان رازیبکات (د. علی کریم سعید، ص٢٥٤). ئەوە لەکاتێکدایە هەندێك سیاسیی و توێژەریش، ئەو پەیوەندییەی پێش کودەتا و دوای کودەتاش، بە هەڵەیەکی گەورەی ئەو قۆناغەی کورد دادەنێن، چونکە لەلایەك روونبوو، هەر هێزێکی سیاسی بیەوێ بگاتە دەسەڵات، ئامادەی سازش و دانوستانە. لەلایەکی ترەوە بەو گفتوگۆیەی پێش کودەتا، دەیانتوانی شەڕ لەگەڵ (عەبدولکەریم قاسم) بە دانوستان و گفتوگۆ بگۆڕن و بوار نەدەن بگەنە دەسەڵات و ئەو کارەساتە بەسەر کورد بهێنن، وەك بەسەریان هێنان(کۆچێرا، ل٢٩٨؛ حوسێن محەمەد عەزیز، ل١٩٥). دیارە ئەگەرچیی لە مێژووشدا ئەگەری گەڕانەوە بۆ دواوە نییە، بەڵام دەکرێت ئەو پرسیارەش بکەین، کە کێ دەڵێت (عەبدوالکەریم قاسم)یش باوەڕی بە سەرانی کورد دەکرد و شەڕی بە ئاشتیی لەگەڵ کورد و شۆڕشەکەی دەگۆڕیی؟ سەرباری ئەو بۆچوونانەش گفتوگۆکان کران و، کورد و سەرکردایەتییەکەشی بە کودەتای بەعسییەکان و کۆتایهێنان بە رژێمی پێشووی عێراق خۆشحاڵبوون، چونکە کەمیان بەدەستییەوە نەچەشتبوو(شیرزاد زکریا محمد، ص٧٥؛ محەمەد باقی سەعید٢٠١٦، ل٣٣).

لەنێو ئەو ژینگەیەدا، بەعسییەکان پێش کودەتاکەیان، کۆمەڵێك بەڵێنیاندا بە کورد و سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول، کە داخوازییەکانیان لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراق دا بەفەرمیی دەناسن(الجبوري، ص١٥٠)، بەڵام هەر لە رۆژانی یەکەمی کودەتا هەڵمەتێکی گرتن و راوەدوونانی خەڵکیان بەناوی پشتیوانانی دەسەڵاتی پێشوو لە سەرتاسەری عێراق و تەنانەت لە شاری سلێمانی دەستپێکرد(شیرزاد زکریا محمد، ص٣٥٧؛ ئیبراهیم جەلال، ل١٢٣؛ سدیق ساڵح و رفیق ساڵح، ل٦٦٦). بە ئاستێك بوو نزیکەی (١٠٠-٢٠٠) کەسیان لە هاوڵاتی و ئەندام و لایەنگرانی حیزبی کۆمونیستی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان لەو شارەدا دەستگیرکرد. دواتر بۆ زیندانی (نوگرە سەلمان) لە باشووری عێراق گواستیاننەوە(قادر میرزا کەریم٢٠٠٩، ١٨٥/٢-١٨٨). ئەوەش لەکاتێکدا بوو، هەر لەگەڵ سەرکەوتنی کودەتاکەیان، بڕیاریاندا بە ئازادکردنی ئەو زیندانیی و دەستبەسەرکراوانە، کە لە سەردەمی (عەبدولکەریم قاسم)دا گیرابوون(احمد امین٢٠١١، ص١٥٩؛ محەمەد باقی سەعید٢٠١٢، لل٧٣-٧٤). واتە لەلایەك

ئەو زیندانیانەیان ئازاد کرد، کە نەیاری ڕژێمەکەی پێشوو بوون. لەلایەکی ترەوە، کەوتنە گرتنی سەدان کەس بە تۆمەتی لایەنگرییان بۆ (عەبدولکەریم قاسم)و شۆڕشی کورد. ئەوەش حاڵەتێکی ئاسایی بوو، ئەو زیندانییانە ئازاد بکرێن، کە لەسەر دەستی هەمان رژێمی پێشوو گیرابوون. هەروەها ئەوانەش دەستگیربکەن، کە بە مەترسییان دەزانیی بۆ سەر کودەتاکەیان. سەرباری ئەو دۆخەش بەعسییەکان، (دوو) کەسی کوردی لە شاری سلێمانی لە هەردوو کابینەکەدا، تا (١٨ی تشرینی دووەم)ی هەمان ساڵ دا، بەشدارکرد. ئەوانیش (بابا عەلی شێخ مەحموود و فوئاد عارف) بوون، کە هەردوو پۆستی وەزارتەکانی دەوڵەت بۆ کاروباری ئەوقاف و کشتوکاڵ)یان پێدرا (دليل الوزارات العراقية١٩٢٠-٢٠٠٣، ص٢١٩-٢٢٤؛ د. علي كريم سعيد، ص١٢٩؛ فؤاد عارف٢٠١١، ص١٩٨؛ بارزانی، ١٠٤/١/٣-١٠٥، سەلاح ڕەشید، ٢٢١/١).

لەنێو ئەو دۆخە و بەهۆی ئەو ڕێکەوتنەی پێشتر لە نێوان کورد و نوێنەری بەعسییەکان کرابوو، سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول لەسەر داوای (مستەفا بارزانی) یەکلایەنە بڕیاریدا بە راگرتنی شەڕ و پێکدادانی لەگەڵ سوپای عێراق (ئیبراهیم جەلال، ل٩٤؛ کۆچێرا، لل١٩٢-١٩٣)، هەتا نیازپاکیی شۆڕشی کورد بۆ رژێمی نوێ و ڕێکەوتنەکە نیشانبدات. هەروها ئەوانیش لەلای خۆیانەوە پابەندبوون بەو بەڵێنانە، کە بە نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوولیان دابوو.

ئەو هەڵوێستەی سەرۆکی پارتی و رابەری شۆڕشەکە، دۆخێکی نوێی هێنایە ئارا، کە حکومەتی نوێ بیر لە ڕێگاچارەی ئاشتی و گفتوگۆ بکاتەوە. بەو هۆیەشەوە، بەیاننامەی پرۆژەی لامەرکەزیی لە (٩ی ئازاری١٩٦٣ز) ی لێکەوتەوە(نديم احمد الياسين١٩٧٥، ص٣٤؛ کۆچێرا، ل٣٠٠). دیارە، ئەگەرچیی ئەم بەیاننامەیە یەکلایەنە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە خرایە بەردەم سەرکردایەتیی سیاسیی کورد، بەڵام بەو حاڵەوەش خەڵکی شاری سلێمانی ویستیان ئاهەنگ بگێڕن و شادیی دەرببڕن، هەتا لەو دۆخەی تێکەوتوون رزگاریان ببێت، لەبەرامبەردا لقی سلێمانی پارتی داوای لەخەڵك کرد هیچ کاردانەوەیەك نەنوێنن، نەوەك ئەو ڕووداوە، حکومەت هانبدات لەو بەیاننامەیەش پاشگەزببێتەوە و، وەها تێبگات دۆخی خەڵك بە ئاستێك خراپە بەهەموو مافێکی سەرەتایی رازییە(بڕوانە پاشکۆی بەڵگەنامەکان-بەڵگەنامەی ژمارە-٢). زۆری نەخایاند هەر خودی حکومەت دوای ئەو بەیاننامە ئەوەشی بڵاوکردەوە، کە ئەوەی لەگەڵیان نەبێت، گوند و شارەکەیان بەسەردا دەرووخێنن(سديق ساڵح و ڕفيق ساڵح، ل٦٨٢). هەروەها بڕیاریدسا بۆ درووستکردنی هێزێکی کرێگرتە لەو کوردانەی کە پەیوەندیی بە حکومەتەوە دەکەن و ناوی (سوارەی سەڵاحەددین)ی لێنان(بارزانی، ١١٥/١/٣؛ محەمەد باقی سەعید٢٠١٢، ل٧٦). جگە لەوەی هێزێکی تایبەتی لە لایەنگرانیان بەناوی (پاسەوانی نەتەوەیی-الحرس القومي) پێکهێنا، هەتا لە لێدانی نەیارکانیان بەکاریبهێنن. هۆکەش ئەوە بوو، کە ئەوان لە ریزەکانی سوپادا ئەندام و لایەنگرانیان کەم بوو، هەتا خزمەتی سیاسەتەکانیان بکات(باقر ياسين٢٠١٢، ل١٤٢)، بۆیە ئەو هێزەیان لە عەرەبی سوننە و شیعەکانی لایەنگری خۆیان پێکهێنا، هەتا پارت و دەسەڵاتەکەیان بۆ بپارێزێت(د.علی كريم سعيد، صص١٦٥-١٦٦).

متمانەی نێوان حکومەت و شۆڕشی کورد زۆری نەخایاند، کاتێك سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول پرۆژە لامەرکەزییەکەی حکومەتی ڕەتکردەوە، حکومەتیش لەلای خۆیەوە کەوتە پلاندانان بۆ فشار خستنەسەر کورد و شۆڕشەکەی و کۆتاییهێنان پێی. لە یەکەم هەنگاویشدا، (عەبدولسەلام عارف) سەرۆك کۆماری عێراق (زەعیم روکن سەعید فەتحی ئەلسقەیلیی) لە (٣ی مایسی١٩٦٣ز) کرد بە حاکمی سەربازیی هەر چوار لیوای (موسڵ، هەولێر،

کەرکوك، سلێمانی)و ناوی ناوچەی باکووری لێنا (بڕوانە پاشکۆی بەڵگەنامەکان، بەڵگەنامەی ژمارە-١). بەدوایدا (عەبدولرەزاق ئەلسەید مەحمود)یشی لە (٦ی حوزەیران کرد بە موتەسەریفی سلێمانی(شیرزاد زکریا محمد، ص١١٩، شارەوانی سلێمانی، ل٧٠)، ناوبراویش لە یەکەم هەنگاویدا داوای لە بەرپرسانی سەربازیی و پۆلیس کرد (١٠٠هەزار-١٥٠هەزار) دینار لە خەڵکی کۆبکەنەوە و بەسەر خێزانی سەربازە کوژراوەکانی خۆیاندا دابەشیبکەن، کە لە ماوەی رابردوودا بەهۆی پێکدادانەکانی حکومەت و هێزی پێشمەرگەی شۆڕشی کوردەوە کوژرابوون. بەڵام لقی چواری پارتی لە سلێمانی، داوای لە موتەسەریف کرد واز لەو داوایە بهێنێت، چونکە ئەوە دەبێت بە بارێکی قورس بەسەر خەڵکەوە(عبدالفتاح علی البوتانی، ص٥٢٨)، بەڵام داواکەیان رەتکرایەوە(چاوپێکەوتنی پێشووی بیستون عەلی کەریم). هەربۆیە ئەو ئەندامانەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە خەڵکی شاری سلێمانی بوون، داوایان لە (مستەفا بارزانی) کرد، هەتا حکومەت لاوازە، شەڕ دەستپێبکاتەوە و کۆتایی بەو ستەمە بهێنرێت، کە بەعسییەکان بەسەر خەڵکی شارەکەیاندا سەپاندووە(هەوراز جەوهەر مەجید، ل١٥٢)، بەڵام لەلایەك دۆخەکە لەدەست دەرچووبوو، لەلایەکی ترەوە دەبوو ئەو ئەندامانە باجی ئەو هەڵەیە بدەن، کە پێش کودەتا کۆمەڵێك بەڵێنیان لە بەعسییەکان وەرگرتبوو. ئەمە و جگە لەوەی دوو لە وەزیرەکانیش هەر خەڵکی ئەو شارە بوون، بێئەوەی لەسەر ئەو رووداوانە هەڵوێستێکیان هەبێت (فؤاد عارف، صص١٩٥-٢٠٣). ئەو دۆخەش حکومەتی هاندا کاتی گفتوگۆ بقۆزێتەوە و، گەمارۆی ئابووریی بخاتە سەر ناوچەکانی کوردستان و گەمارۆکەشی لەسەر شاری سلێمانی توندکردەوە(دەرگەڵەیی، ل٣٥٢، هەوراز جەوهەر مەجید، ل١٥٦)، هەتا ببێت بە فشار لەسەریان و بەهەموو شتێك رازیببن و دەستبەرداری شۆڕشەکەیان بن. هەر لەو دەمەشدا بۆ دواجار و دەربڕینی نیازپاکیی خۆی، بڕیاری لێبوردنی بۆ گیراوەکانی شۆڕشی ئەیلوول دەرکرد، بەڵام سەرباری ئەو بڕیارەش زۆرێك لە گیراوەکانی شاری سلێمانی لە زیندان مانەوە و ئازاد نەکران(الوقائع العراقیە؛ ١٩٦٣/٣/١٧، ص١؛ قادر میرزا کەریم، ١٨٥/٢).

لەنێو ئەو دۆخە سیاسییە ئاڵۆزەدا، کە شاری سلێمانی و تەنانەت عێراق و باشووری کوردستانی تێکەوتبوو، جۆرێك لە بیروڕای جیاواز و ململانێ کەوتبووە نێو سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان. وەك ئەوەی لیوای سلێمانی بۆ (ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال)و هاوڕێیانی لە مەکتەبی سیاسی بەجێمابوو، لەکاتێکدا مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و رێبەر و سەرکردەی شۆڕشەکە بوو(راندال، ل١٩٨). ئەو دۆخەش دوای ئەوە هاتە ئاراوە، کە سەرەداوەکانی ناکۆکیی نێوان رێبەری شۆڕشەکە و مەکتەبی سیاسیی بەرەو تەقینەوە دەچوو. لەم بارەوە (ئیبراهیم ئەحمەد) وتبووی "راستە (مەلا مستەفا) سەرۆکی پارتی بوو، بەڵام منیش سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی بووم".(سەربەست کەرکوکی٢٠١٦، ل٦٣). هەروەها ئاماژەیداوە، کە لەلایەك (موحەممەد ڕەزا شا) پادشای ئێران و لەلایەکی تر (عەبدولکەریم قاسم) رۆڵی خراپیان لە تێکدانی یەکریزیی کوردا هەبوو، بەهاتنی بەعسییەکانیش ئەو ناکۆکییە گەیشتە لوتکە و لێکترازان(کەرکوکی، لل٦٤-٦٥). دیارە ئەگەر دۆخەکە بەو شێوەیە بووبێت، نەدەبوو ئەو بەرپرسانەی پارتی وەها رفتاربکەن، تا بە زیانی خۆیان تەواو نەبێت.

دۆخی سلێمانی هەتا رۆژی کۆمەڵکوژییەکە: سەرەتا بەر لەوەی ئاوڕ لە دۆخی شارەکە بدەینەوە، پێویستە (سێ) لایەنی ژیاریی شارەکە دیاریبکەین. یەکەمیان ژمارەی دانیشتوانی شارەکەیە، هەتا بە هۆیەوە بزانین

ئاستی قوربانییەکان لە چاو ژمارەی دانیشتوانی شارەکە چەندبووە؟ دووەم ئایا ئەو شارە لە چەند گەڕەك و بازاڕ پێکهاتبوو؟ سێیەم، ئایا پێکهاتەی ئایینی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی شارەکە چۆن بووە؟ بۆ وەڵامی یەکەم، بەو پێیەی لەو ساڵەدا سەرژمێرییەکی تایبەت بەو شارە و لە سەرتاسەری عێراق نەکراوە، بۆیە پشتدەبەستین بە (دوو) ئاماری عێراق ، هەتا ژمارەی دانیشتوانی شارەکە بزانیین. یەکەمیان ئاماری ساڵی (١٩٥٧ز)، کە ژمارەی دانیشتوانی شارەکە (٤٨٠٠٠) کەس بووە. دووەم ئاماری ساڵی (١٩٦٥ز) واتە (دوو) ساڵ دوای کۆمەڵکوژییەکە بووە، کە لەو ساڵەدا ژمارەی دانیشتوانی (٨٧٠٠٠) کەس بووە(جەمال بابان٢٠١٢، ١٢٩/٤). بەو پێیەش بێت ژمارەی دانیشتوانی شارەکە بە سەروو (٧٠٠٠٠) کەس مەزندە دەکرێت.

گەڕەکانی شارەکەش بریتیبوون لە (ئازادیی، مەڵکەندیی، سەیوان، گۆیژە، دەرگەزێن، سەرشەقام، جوولەکان، گاوران، خەبات، حاجی ئاوا، ئاباڵاخ، شێخ محێدین، چوارباخ، کانی ئاسکان، شۆڕش، مەجیدبەگ، کارێزەوشك). بازاڕی گەورەی شاریش (قەیسەری نەقیب، بازاڕی وەسمان پاشا و دوکانەکانی دەوروبەری سەرا و مزگەوتی گەورە بوون(جەمال بابان، ٣٥٤/٢-٣٦٣). ئەمە، جگە لە هەبوونی (کتێبخانە، شانۆ، تیپی مۆسیقا، یانەی وەرزشیی، سینەما)(بابان و ئاسۆ بابان و ئومێد خالید، ٣٨٧/٣-٣٩٣، شارەوانی سلێمانی، ل٥٨؛ محەمەد باقی سەعید٢٠١٢، ل٧٧)، تا بە (کەبابخانە، چێشتخانە، چایخانە(بابان و ئاسۆ بابان و ئومێد خالید، ٢٣٣/٣-٢٦٢)و دەیان مزگەوت و کڵێسایەکی مەسیحییەکان دەگات(بابان، ٣٣٩/١-٣٥٣). هەرچیی تایبەتە بە پێکهاتەکانی (ئایینی، کۆمەڵایەتیی، ئابووریی) خەڵکەکەی، ئەوا لە رووی ئایینییەوە زۆرینەی دانیشتوانی شار موسڵمانی سوننە و کەمینەیەکیش مەسیحیی بوون(بابان و ئاسۆ بابان و ئومێد خالید، ١٦٢/٣-٢١٩، ٣٨٧-٣٩٣). هەروەها پەیڕەوانی هەردوو رێبازی سۆفییگەری قادریی و نەقشبەندییش هەبوون(محمد امین زکی بك، صص٢٤٥-٢٥٤). لە رووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییشەوە، سەرباری بەرپرس و فەرمانبەرانی دەوڵەت، کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکان و مامۆستایانی ئایینیی و مامۆستای خوێندنگاکان، (پێشەوەر، بازرگان، کاسبکار، جوتیار، کرێکار) هەبوون(بابان و ئاسۆ بابان و ئومێد خالید، ١٦٢/٣-٢١٩). لەگەڵ بوونی (پزیشك، دانساز، دادوەر، پارێزەر، هونەرمەند). لە پیشەکانیش (ئاسنگەریی، دارتاشیی، جۆڵایی، موتابچێتیی، وەتراقچیی، کارگەچیی، چەخماساز، مسگەریی، خومچیی، زینىدروون، کۆپاندروون، بەرگەدروون، توتنچێتیی، تەنەکەچێتیی، قەسابیی.....تاد) هەبوون(بابان، ٤١٨/١-٤٤٠؛ چاوپێکەوتنی بێستون عەلی کەریم، ٢٠٢١/١٠/٢٢ز).

لەگەڵ هاتنی ڕۆژی (٩ی حوزەیرانی١٩٦٣ز)یش لە زۆرترین شارەکانی کوردستان قەدەغەی هاتوچۆ راگەیەنرا(الیاسین، ص١١٧؛ کۆچێرا، ل٣٠٥؛ جەمال نەبەز١٩٨٥، ل٣٢٥، تۆفیق نوری بەگ، ل١٠٦). بەدوایدا، رادیۆی بەغدادش هۆشداریی دایە کورد و پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوول و، ئەوانی بە لایەنگرانی کۆمۆنیست و زایونیزم ناوبرد و هەڕەشەی مردنی لە هەموو ئەوانە کرد، کە پشتیوانیی لە (مستەفا بارزانی) دەکەن. تەنانەت خەڵاتێکی (دە هەزار) دینارییشی دانا بۆ ئەو کەسەی سەری (مستەفا بارزانی) بۆ دەوڵەت دەهێنێت(نەبەز، ل٣٢٥). ئەمە و، جگە لەوەی سەدان کەسیان گرت و بەشێکیشیان بۆ باشووری عێراق دوورخستەوە(محەمەد باقی سەعید٢٠١٦، ل٢١٢، سدیق ساڵح و ڕفیق ساڵح، ل٦٨٢). لەو نێوەندەشدا دەستیان چووە خوێنی (٧٠٠) کادیری حیزبی کۆمونیستی عێراق، کە زۆربەیان کورد بوون(الحسنی، صص٢٨١-٢٨٢، بهاالدین نوری، ص١٤).

٤. هۆکارەکانی ئەو کۆمەڵکوژییە: هۆکارەکانی ئەم کۆمەڵکوژییە زۆرن، بەهۆی ئەوەی حکومەتی عێراق ویستی

لـەو ڕێگایـەوە بـە کۆمەڵێـك ئامانـج بـگات. لەسـەروو هەموویانـەوە لێدانـی شۆڕشـی ئەیلـوول و رابـەری شۆڕشـەکە (مسـتەفا بارزانـی)، هەتـا لـە رێـگای چاوترسـاندنی خەڵکـەوە، لێدووربکەنـەوە و پشـتیتێبکەن(د. عـلي کریـم سـعید، ص٢٥٦). سـەرچاوەکانیش بـاس لـەوە دەکـەن، کـە خەڵکـی شـاری سـلێمانی و دەوروبـەری، (مسـتەفا بارزانی)یـان زۆر خۆشدەویسـت و بـە سـەرۆك و رابـەرِ و پێشـەوای خۆیـان و شۆڕشـەکەیان دەزانیـی(د. علـی کریـم سـعید، ص٢٥٤؛ چاوپێکەوتنـی پێشـووی بێسـتون عەلـی کەریـم؛ چاوپێکەوتنـی حاجـی عەزیـزی کۆسـتەی بان٢٨تشرینـی دووەمی٢٠٢١؛ چاوپێکەوتنـی سـەعید سـەلیم پشـدەری، ٢٠٢١/١٢/١٨). وەك لـە بروسـکەیەکی مەکتەبـی سیاسـی پارتـی دیموکراتـی کوردستانیشـدا بـۆ (مسـتەفا بارزانـی) هاتـووە و، بـەرواری (١٥ی حوزەیرانـی١٩٦٣ز) واتـە (شـەش) رۆژ دوای کۆمەڵکوژییەکـەی بەسـەرەوەیە، بـە روونیـی ئامـاژەی بـۆ کـراوە، کـە ئامانجـی یەکـەم و سـەرەکیی بەعسـییەکان لێدانی رابـەری شۆڕشـەکەیە، لـە رێـگای پێگەیەکـی سـەرەکیی شۆڕشـەکە، کـە سـنووری لیـوای سـلێمانی بـوو (بڕوانـە پاشـکۆی بەڵگەنامەکان-بەڵگەنامـەی ژمـارە-٣). بەڵگـەش بـۆ ئـەوە کوشـتنی (نـوری عەریـزە نـووس) بـوو لەبـەر ئـەوەی ئامادەنەبـوو تـف لـە وێنـەی (مسـتەفا بارزانـی) بکات(شـارەوانی سـلێمانی، ل٤٠). هەروەها کوشـتنی (ڕەحیمـی عەینە) بـوو لـە (سـەرچنار)ی خۆرئـاوای سـلێمانی، کاتێـك سـەربازەکان داوایانلێکـرد تـف لـە وێنـەی ئـەو پێشـمەرگانە بـکات، کـە لەدوکانەیـدا هەڵیواسـیبوون، بـەڵام ئـەو کارەی نەکـرد و کوشـتیان. ئـەوە لەکاتێکـدا بـوو ناوبـراو، شـەوی پێـش ڕرووداوەکـە لـە سـەربانی دوکانەکـەی، کـە (جگەرچیـی) بـوو نووسـتبوو و، بەهـاواری سـەربازەکان خەبەریانکردۆتـەوە و بـووە قوربانی(شـارەوانی سـلێمانی، ل٤٠).

هۆکارێکـی تـر، هەبوونـی بەشـێك لـە بەرپرسـانی پارتـی و لەوانـە سـکرتێری پارتـی (ئیراهیـم ئەحمـەد) خەڵکـی شـارەکە بوون(سەربەسـت کەرکوکـی٢٠١٦، ل١٩)، بۆیـە بەعسـییەکان ویسـتیان لـە ڕێـگای لێدانـی ئـەو شـارەوە، لـە هێـزی ئـەو بەرپرسـانەی پارتـی بـدات، کـە لـە گفتوگـۆی بەردەوامـی نێـوان حکومـەت و کـوردا بـوون. هەروەهـا هــەردو وەزیــرە کوردەکــەی حکومەتەکەیــان (بابــا عــەلی شــێخ مەحمــوود و فوئــاد عــارف)و چەندیــن ئەفســەری سـوپاکەیان لەوانـە (عەمیـد فەتـاح شـاڵی، کەریـم قەرەنـی) خەڵکـی شـارەکە و کـورد بوون(رانـدال، ل١٩٨؛ بـارزانی، ١٠٥/١/٣). ئـەوەش بـۆ بەعسـییەکان گرنـگ بـوو، کـە  بزانـن تـا چەنـد ئـەوان لەسـەر ئـەو ڕووداوە قسـەیان دەبێـت و لەبـەرەی حکومـەت دەمێننـەوە و بەرگریـی لـەو ڕووداوە دەکـەن؟ یـان ڕەخنـە لـە حکومـەت دەگـرن و بەرگریـی لـە نەتەوەکەیـان و شـارەکەیان دەکـەن؟ لەکاتێکـدا هییـچ یەکێـک لـەوان هەڵوێسـتێکی جیدیـان بەرامبـەر ڕووداوەکـە نەبوو(بڕوانـە: فـؤاد عـارف، صـص١٩٥-٢٠٣). هۆیەکـی تـر چاوترسـاندن و تۆقاندنـی خەڵـك بـوو، تـا ملکەچیـان بـن و لـە یاسـا و فرمانەکانیـان لانـەدەن و چیـان ویسـت بیکـەن(د. عـلي کریـم سـعید، ص٢٥٦؛ باقـر یاسـین، ص١٧٠). هەربۆیـە، پێـش ئـەوەی بڕیـاری شـەر و لێدانـی کوردسـتان و شۆڕشـەکەی بـدەن، داوایـان لـە کـورد کـرد خۆیـان رادەسـتبکەن و بەرگریینەکـەن. لەلایەکـی تـرەوە، ئـەوەش بـۆ حکومەتـی ناوەنـدی نەنگیـی بـوو، هەتـا ئـەو کاتـە دەسـتی نەگاتـە ناوچەکانـی (قـەرەداغ، شـارباژێر، پێنجویـن، هەورامـان)، کـە بـە ناوچـەی شۆڕشـی ئەیلـوول ناسرابـوون، بۆیـە هەمـوو رقـی خۆیـان لـە شـاری سـلێمانی و خەڵکـی شـارەکە کردەوە(سـەڵاح ڕەشـید، ٢٦٠/١).

## تەوەری دووەم

### چۆنیەتی کۆمەڵکوژییەکە و کاریگەری و شوێنەواریان لەسەر دانیشتوانی شارەکە

ئامادەكاری حكومەت بۆ رۆژی كۆمەڵكوژییەكە: حكومەتی بەعس بۆ لێدانی شۆڕشی كورد و خەباتەكەی بە لێدانی شاری سلێمانی دەستیپێكرد. ئەو ویستی بە لێدانی ئەو شارە وانەیەك بدات بە كورد و شۆڕشەكەی، هەتا چیتر بەرامبەریان نەوەستنەوە. دیارە، پێشتریش لە رێگای چەند بەرپرسێكی پارتی و شۆڕشی ئەیلوولەوە، كە خەڵكی ئەم شارە بوون، چووەتە گفتوگۆوە بۆ ئەوەی لەكاتی دەسەڵاتەكەیاندا كێشەیان بۆ دروستنەكەن. ئەگەرچیی دیار نییە، ئایا بەعسییەكان بەو بەڵێنانەی لە نوێنەرانی كورد و شۆڕشی ئەیلوولیان وەرگرتووە، كە خەڵكی سلێمانی بوون هیچیان دەسكەوت، یان وەك تۆڵەیەك لە بێ بەڵێنی ئەوان، ئەو كۆمەڵكوژییەیان بەسەر شارەكەیاندا هێنا؟ بەڵام ئەوە دیارە، كە حكومەت هەر لە سەرەتاوە دەیویست بۆ بەهێزكردنی پێگەی خۆی، سەرانی كورد و شۆڕش بە گفتوگۆوە سەرقاڵبكات، دواتر بكەوێتە وێزەیان، چونكە لە فەرهەنگی بەعس دا باوەڕێك بە هەبوونی كورد و چارەسەی كێشەكەیان و بەدەنگەوەهاتنی داواكانیان نەبوو، تا بكەوێتە گفتوگۆ لەگەڵیان، بەڵكو ئەوەی كردبووی تەنیا بۆ گەیشتنبوو بە دەسەڵات و بەهێزكردنی پێگەیان بوو تێدا(عبدالله حنا، ص٨٦؛ میرانی، ص١٩٤). دەستپێكردنی شەڕیش لەشاری سلێمانییەوە بۆ ئەوە بوو، تا هێزی خۆیان پیشانی كورد و شۆڕشەكەیان بدەن. بەر لەوەشی دەست بدەنە شەڕ و كۆمەڵكوژییەكە، لەچەند بەرەیەكەوە هێزی سەربازییان رەوانەی ناوچە كوردییەكان كرد. لە شاری موسڵەوە هێزێكی سەربازی رەوانەی لیوای هەولێر و شار و ناوچەی دهۆك كرد. لە شاری كەركوكیشەوە هێزێكی تری رەوانەی لیوای سلێمانی و قەرەداغ و دەربەندیخان و هەڵەبجە و پێنجوێن كرد. لە شاری بەغدادیشەوە هێزێك رەوانەی خانەقین و كفری و كەلار كرد (ئیبراهیم جەلال، ل١٠٩). ئەو هێزانەش لە سوپا و هێزی حەرەس قەومیی و كرێگرتە كوردەكان پێكهاتبوون. هێزی (حەرەس قەومیی) ژمارەیان گەیشتبووە (٣٠٠٠٠) كەسی چەكدار. ئەوەش بەهۆی ئەوەی لەسەرەتای كودەتاكەیان ژمارەیان (٥٠٠٠) چەكدار بوو، بەڵام لە مانگی ئایار گەیشتبووە (٢١٠٠٠) كەس(د. علی كریم سعید، ص٣٢٤). هەربۆیە، ئاسایی هەتا مانگی (حوزەیران) گەیشتبووە ئەو ژمارەیە. كرێگرتە كوردەكانیش لە پێكهاتەی (سواری سەڵاحەدین) بوون(بارزانی، ٣/١/١١٢-١١٥)، ژمارەشیان لە (٢٥٠٠٠) چەكدار زیاتر بوو(بیرەوەرییەكانی ئازادی ئەنوەر بەگ، ساڵی١٩٦٣). ئەمە و جگە لەوەی پارەیەكی زۆریان ە بەردەست، هەتا بە پارە شەڕی هاونەتەوەكەیان و شۆڕشەكەیان پێبكەن(د. علی كریم سعید، ص٢٦٥). بە وتەی چەند شایەتحاڵێكی شارەكەش چەند رۆژێك پێش رووداوەكە، هەست بە دەسپێكردنەوەی شەڕ و رووداوێك دەكرا، كە لە سلێمانی رووبدات(چاوپێكەوتنی پێشووی بێستون عەلی كەریم؛ چاوپێكەوتنی پێشووی حاجی عەزیزی كۆستەی بان). شایەتحاڵێكیش، كە لەو سەردەمەدا مامۆستا بووە لەو شارە و بڕیار بووە وەك چاودێری هۆڵی تاقیكردنەوەكانی هەردوو قۆناغی سێیەمی ناوەندیی و شەشەمی ئامادەیی لە هۆڵێكی تاقیكردنەوەی شارەكە دابنرێت، بەڵام بەر لە (٩ی حوزەیران) بە چەند رۆژێك لەلایەن پەروەردەی سلێمانییەوە ئاگاداركراوەتەوە، كە ناوی لە هۆڵێكی تاقیكردنەوەی شارۆچكەی رانیە دەرچووە، لەكاتێكدا خۆی داوای نەكردبوو(محەمەد باقی سەعید٢٠١٢، لل٧٨-٧٩). ئەوەش بەو مانایە دێت، كە حكومەت بەر لە ئەجامدانی ئەو كارەساتە بەسەر شاری سلێمانی، پلانی پێشوەختەی داناوە چیی بكات و چۆن بیكات؟ سەرەتاش بە گەمارۆی ئابووریی دەستیپێكرد. دواتر رۆژی (٨ی حوزەیران) قەدەغەی هاتوچۆی لەنێوان شارەكانی (سلێمانی و كەركوك و هەولێر) راگەیاند(تۆفیق نوری بەگ، ل١٠٦)، بەڵام هاتوچۆی نێوان شارۆچكە و

گوندەکانی چوار دەوری سلێمانی، تا ڕۆژی دواتر قەدەغە نەکرا(الحسنی، صص٢٨١-٢٨٢؛ ڕەنج قەرەداغی٢٠٠٣، لل٣). لە پلانێکی تردا، حکومەت سەرجەم ئەو پۆلیس و هێزە چەکدارانەیان سنووری شارەکەی چەککرد، کە کورد بوون و جێگای متمانەیان نەبوون(بابان، ١١/١). لەگەڵ هاتنی ڕۆژی (٩ی حوزەیران)یش قەدەغەی تەواوی هاتوچۆی شارەکە بە دەرەوەی و ناو شاریش لەلایەن (زەعیم سدیق)ەوە ڕاگەیەنرا و، دەروازەکانی شاری بە رووی دەرەویدا داخست. ئەوە لەکاتێکدا بوو، کە هیچ کەسێك لە شارەدێ و گوندەکانی دەرەوەی شار ئاگاداری ئەوە نەبوون لەناو شاردا چیی ڕوودەدات؟ بۆیە، ئەوەی لە بەری بەیانەوە دەهاتە ناوشار دەگیرا و، لە زیندان توندەدکرا(الحسنی، ص٢٨١-٢٨٢؛ قەرەداغی، لل٣ بەدواوە؛ بارزانی، ١٢١/١/٣؛ وانلی٢٠١٢، ص٢٧٢؛ محەمەد باقی سەعید٢٠١٢، لل٢١٢-٢١٣)). (زەعیم سدیق)، کە فەرماندەی لیوای بیستی سوپای عێراق بوو، دەسەڵاتی تەواوی پێدرابوو، کە هەموو تواناکانی بۆ لێدانی گیانی بەرەنگاریی کورد و شۆڕشەکەی لە سنووری دەسەڵاتی بەکاربهێنێت((بارزانی، ١٢١/١/٣؛ محەمەد باقی سەعید٢٠١٦، لل(٦٥، ٧١) )). بۆ ئەم مەبستە لیستی ئەو داواکراوانەشی لەلایەن حکومەتەوە بۆ ڕەوانەکرابوو، کە دەبوو دەستگیربکرێن. لیستەکەش بەسەر هێزەکاندا بڵاوکرایەوە، هەتا ئەوانەی بەردەستکەوتن بیانگرن(بابان، ١٤/١).

ئامادەکارییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەکە: لەسەروبەندی ئامادەکارییەکانی حکومەت بۆ شەڕێکی سەرتاسەریی لەگەڵ کورد و شۆڕشەکەی، مەکتەبی سیاسی پارتی لە ڕۆژی (٧ی حوزەیران) برووسکەیەکی ئاراستەی لقی چواری سلێمانی کرد، کە حکومەتی عێراق پەلاماری کوردستان ئەدات. بۆ ئەو مەبەستە شەوی (٨ی حوزەیران) بەرپرس و کارگێڕان و ئەندامانی لقی سلێمانی و ناوچەی سلێمانی لەماڵی دایکی (جەمال بەختیاری خۆشنووس) کۆبوونەوە. کۆبوونەوەکە بە سەرۆکایەتی (عەلی حەمدی) بەرپرسی لق و ئامادەبوونی هەریەك لە (مەحموودی حاجی تۆفیق، ئیبراهیم میرانی، مەحموودی مەلا عززەت، شێخ سەعید، خالید کۆکۆیی، بەکر جاهید، سمکۆ فەتحوللا، تۆفیق مەلا سدیق، کەریم حاجی مارف، کامیل بەسیر، ئەنوەر سەعید دارتاش) لە کاتژمێر (٨)ی شەو دەستیپێکرد و تا درەنگانێکی شەوی خایاند. تێدا باس لە دەستپێکردنەوەی شەڕ و هێرشی ڕژێم بۆسەر کوردستان تاوتوێکراو بریاری پێویست بۆ بەرەنگاریی درا(شارەوانی سلێمانی، لل٢٧-٣٢) ، بەڵام پێدەچێت بڕیارەکان بۆ ئامادەکاریی هەر ئەگەرێکی شەر بووبێت، نەك ڕووداوێکی کۆمەڵکوژیی، بۆیە قوربانییەکان بەو ئاستە گەورەیە بوون.

ڕۆژی کۆمەڵکوژییەکەی سلێمانی: ڕۆژی (یەکشەممە) بەرواری (٩ی حوزەیران) بۆ دانیشتوانی شاری سلێمانی، ڕۆژێکی ئاسایی نەبوو(بارزانی، ١٢١/١/٣)، چونکە لەگەڵ بەرەبەیانی ئەو ڕۆژە و کاتژمێر (٥)ی بەیانی(ڕۆژنانەی خەبات١٩٦٣، ل٧؛ شارەوانی سلێمانی، ل٣٣)، هێزێکی زۆری سەربازی بە دەیان ئۆتۆمبێلی سەربازی و دەبابە بەناو شاری سلێمانی بڵاوبوونەوە. ئەمەو جگە لەوەی لە دەوری شارەکە بەهەمان شێوە هێز جێگیر کران(ڕۆژنامەی خەبات، ل٧؛ بابان، ١٤/١). هەر ئەو بەیانییەش لەڕێگای هیلیکۆپتەر بە ئاسمانەوە، هەروەها بەهۆی چەند ئۆتۆمبێلێکی سەربازی و لە ڕێ بڵندگۆوە ئاگاداری هاوڵاتیانی شار کرا، کە هەموو جۆرە هاتنە دەرەوەیەك قەدەغە و پێویستە هەمووان لە ماڵەکانیان بمێننەوە(شارەوانی سلێمانی، ل٣٩؛ محەمەد باقی سەعید٢٠١٢، ل٧٦)، بەڵام بەو هۆیەشەوە بەشێك لە خەڵکی شار، کە لە خەودا بوون و ئەوانەشی لە دەرەوەی شار و نیشتەجێ گوندەکان بوون، ئاگاداری ئەو دۆخە و دەنگی بڵندگۆکان و تەنانەت بوونی هیلکۆپتەر بە ئاسمانی شارەوە نەبوون، چووبوونە دەرەوەی ماڵەکانیان، یان لە گوندەکانی دوروبەری شارەوە هاتبوونە سلێمانی. لە ئەنجامدا

هەموویـان کوژران(شـارەوانی سـلێمانی، ل٤٠). وەك ئـەوەی بـەو بەیانییـە هێزێکـی چەکـدار هەڵیـان کوتایـە سـەر مزگەوتـی (حاجـی حـان) لـە گەڕەکـی مەڵکەنـدی و (دوو) فەقێیـان بەناوەکانـی (ئەحمـەد و بەکـر) کوشـت، کـە زۆریـان نەمابـوو مـاوەی خوێندنـی ئایینـی تـەواو بکـەن و مۆڵەتـی مەلایەتـی وەربگـرن. هەردوکیـان دوای نوێـژی بەیانـی خەریـك بـوو دەخەوتـن، (ئەحمـەد) کـوژرا، بـەڵام (بەکـر) ویسـتی رابـکات، کەچـی بەهـۆی دەسـترێژی گوللـەی هێزەکـەوە پێکـراو درا بەدیـواری دەرگای دووەمـی مزگەوتەکـە، کـە بـەرەو کۆڵانێکـی تـری گەڕەکـە دەچـوو، وە خوێنـی بـە دیوارەکـەدا بڵاببوویـەوە. دوای ڕۆریشـتنی هێزەکـەش، لەلایـەن خەڵکی ئـەو کوڵانـەوە ویسـترا بـە هـەر هۆیـەك بێـت بگەیەنرێتـە نەخۆشـخانەیەکی نزیـك، بـەڵام گیانـی لەدەسـتدا(بابان، ١١/١). کەسـێکی دیکـەش بەنـاوی (عوسـمانی جـۆڵا) بـەو بەیانییـە دەیوویسـت بچێـت بـۆ گەرمـاو، بـەڵام لەکاتـی هاتنـە دەرەوەی لـە مـاڵ و چوونـی بـۆ گەرمـاو تەقـەی لێکـراو کـوژرا. چاپچییەکیـش لەکاتـی چوونـی بـۆ دوکانەکـەی لـە نزیـك مزگەوتـی گـەورە تەقـەی لێکـراو کوژرا(شـارەوانی سـلێمانی، ل٤٠).

لەلایەکـی دیکـەوە هێزێکـی چەکـداری سـەر بـە (حـەرەس قەومـی) هەڵیـان کوتایـە سـەر چاپخانـەی (حەمـەڕەق) و دەسـترێژی گوللەیـان لەوانـە کـرد، کـە بـەو بەیانییـە لـە چاپخانەکـە دانیشـتبوون و چەنـد کەسـێکیان کوشـت. لەنێـو کوژراوەکانیـش کەسـێکی مەسـیحی هەبـوو بەنـاوی (بەشـیر بەسـیون)(بابان، ١١/١). ئەمـەو جگـە لـە هەڵکوتانـە سـەر ماڵـەکان و تەقـە لـە دەرگای ماڵـەکان و دەنگـی (أفتـح البـاب) بـۆ کردنـەوەی دەرگاکانیـان و ئامادەبـوون بـۆ پشـکنین، بەشـێکی خێزانەکانـی بەخەبـەر هێنا(شـارەوانی سـلێمانی، ل٥٧).

لـە گەڕەکـی ئـازادی نـاسراو بـە (خانـووە قـوڕەکان) دوو بۆمـب تەقییـەوەو ئاگرێکـی زۆری لێکەوتـەوە. ئـەوەش دانیشـتوانی گەڕەکـەی ترسـاند و بـەرەو گەرەکەکانـی ناوەڕاسـتی شـار ڕایانکـرد. ئـەوەش لەکاتێکـدا بـوو قەدەغـەی هاتوچـۆ راگەیەنرابـوو، بۆیـە بەشـێك لـەو خەڵکـە ڕاکـردووە کەوتنـە بۆسـەی هێـزە بڵاوەپێکراوەکانـی بەعـس و هەندێکیـان کـوژراون و بەشـێکی تریـان ڕاپێچـی زینـدان کران(بابـان، ١٤/١).

پەلاماردانەکانـی هێـزە چەکـدارەکان بـۆ دانیشـتوانی شـار و دەوروبـەری سـەرباری ئـەوەی مـاڵ بـە مـاڵ و گـەڕەك بـە گـەڕەك و شـەقام و کۆڵانـەکان و تەنانـەت مزگـەوت و کڵێساکانیشـی گرتـەوە(د. محمـود دەروێـش نـادر، ل٥٥)، ڕێـزی بـۆ تەمـەن و پلـە و پایـەی کارگێڕیـی و کۆمەڵایەتیـی و ئایینـی دانەنـا، تەنانـەت حیسـاب بـۆ کتێبـە پیرۆزەکانـی وەك (قورئـان و ئینجیل)یـش نەکـرا، کاتێـك پەیڕەوانـی بەپێـی باوەڕیـان بـەو کتێبانـە، دەچـوون بـەرەو پیـری هێزەکـە، هەتـا وازیـان لێبهێنـن، کەچـی ئـەوان نـەك هـەر حیسـابیان بـۆ کتێبـە پیـرۆزەکان نەکـرد، هەندێـك لـە هێـزە چەکدارەکانیـش کتێبەکانیشـان فڕێدا(شـارەوانی سـلێمانی، ل٤٨).

دیمەنێکـی تـری رۆژی کۆمەڵکوژییەکـە ئـەوە بـوو، کـە بـاوکان بـۆ ئـەوەی کچەکانیـان نەکەونـە بـەر پەلامـاری ئەفسـەر و سـەربازەکان، بـە خەڵـووز و رەشـیی بنـی مەنجـەڵ دەموچاویـان رەشـدەکردن، هەتـا ناشـیرین بکەونـە بەرچـاو و، ئـارەزووی سـەرباز و ئەفسـەرەکانیان نەچێتەسـەر و ئەتکنەکرێن(شـارەوانی سـلێمانی، ل٥٢).

ئـەو کۆمەڵکوژییـەی شـاری سـلێمانی لـە یـەك رۆژدا لەسـەر دەسـتی کۆمەڵێـك ئەفسـەر و پلـەداری بەعـس بەجێهێنرا، کـە هەریـەك لـە (زەعیـم سـدیق مسـتەفا٠ فەرمانـدەی لیـوای بیسـت، عەقیـد غانـم سـەباح ئەمین-جیگـری فەرمانـدەی لیـوای بیسـت، عەقیـد تەهـا نـوری شـەکرچیی، موقـەدەم فەیسـەڵ، عەقیـد جاسـم بەغدادیـی، نەجیـب کەشـموله، عەریـف سـوبحیی، عەریـف حەمیـد، عەریـف ئیسـماعیل، رەئیـس عورفـا موحەممەد)(شـارەوانی سـلێمانی، لـل٨٥-٨٦؛ چاوپێکەوتنـی پێشـووی بێسـتون عەلـی کەریـم) بـوون.

شێوازی دەستگیرکردنی خەڵك و چارەنووسیان: لەسەروبەندی ئەو ڕووداوەدا سەرانی حکومەت بەهۆی هێزەکانی (حەرەس قەومیی)و یارمەتی بەکرێگراوان لە ڕەشبگیرییەکدا، ژمارەیەکی زۆریان لە سەرجەم توێژەکانی شار دەستگیرکرد، هەر لە سەرۆکی فەرمانگە و بەڕێوبەری خوێندنگە و مامۆستایان و فەرمانبەرانی دەوڵەت لە (دادوەر، پزیشك، ئەندازیار، پارێزەر)و تەنانەت خانەنشینان، هەتا بە کەسایەتییەکانی ناو شار و هاوڵاتیانی ئاسایی دەگات. ئەو ڕەشبگیرییەش (کاسبکار، پیشەوەر، جوتیار، کرێکار)یشی گرتەوە، تا بە ئافرەتی ماڵ دەگات. هەمووشیان لە حامیەی سلێمانی زیندانیکران (گوینتەر دیشنەر١٩٩٩، ل٢٠٠؛ بابان، ١٥/١، شارەوانی سلێمانی، ل٥٨؛ ئەمیر محەمەد و عەباس کەریم٢٠٠٨، ل٣٨). دیارە ئەوانەی کەوتنەدەست هێزەکانی حکومەت، هەر بەو پۆشاکەی لەبەریان بوو دەستگیرکران، ڕەوانەی حامیە کران. واتە بواریان پێنەدرا خۆیان بگۆڕن و چییان لەبەردا بوو گیران(محەمەد باقی سەعید٢٠١٦، ل٧٧)، دواتر سواری ئۆتۆمبێلی سەربازیی کران و لە گەڕەکە جیاجیاکانی شارەوە بەرەو (حامیەی سلێمانی) بران. ئەوانەشی لە گەڕەکەکانی دەوری ناوبازاڕ بوون، بە شەقامی بێکەس و بەردەم سینەما سیروان و مزگەوتی گەورە بەرەو گەڕەکی کانیسکان و حامیە بران(شارەوانی سلێمانی، ل٥٨؛ محەمەد باقی سەعید٢٠١٦، ل٧٧).

کاتێکیش گیراوەکان هێنرانە حامیە بە سەر (سێ) هۆڵی گەورەدا دابەشکران، کە هەریەك لەو هۆڵانە (تەویلە) بوون. واتە شوێنی ڕاگرتنی ئەسپ و ڕەشەوەڵاخی سەربازان بوون و هیچ مەرجێکی تەندرووستییان تێدا نەبوو. درێژی هەر هۆڵێکیش (٣٠-٤٠م) دەبوو. تەنانەت ڕۆژی کۆمەڵکوژییەکە پەنجەرەی هۆڵەکان کەتیبەی بۆ دانرا. بە واتایەکی تر پێشوەخت هیچ ئامادەکارییشی بۆ نەکرابوو، تا بکرێت بە شوێنی زیندان. هۆڵی ژمارە یەك بۆ ئەو بەرپرسانەی حکومەت و دادوەر و مامۆستایان و فەرمانبەران و کەسایەتییەکانی شار، تەرخانکرابوو، کە دەستگیرکرابوون، هۆڵی دووەمیش بۆ کەسایەتیی و پیشەوەرانی شار و، دوا هۆڵیش بۆ ئافرەتەکان تەرخانکرا(بیرەوەرییەکانی غەفوور ڕەشید داراغا؛ شارەوانی سلێمانی، لل٦٢-٦٣). واتە گیراوەکان بەپێی پلەبەندیی کارگێڕیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی بەسەر هۆڵەکاندا دابەشکران. وەك ئەوەی (غەفوور ڕەشید داراغا)، چونکە نووسەر بوو، خرابوویە هۆڵی یەك(بیرەوەرییەکانی غەفوور ڕەشید داراغا). هەروەها هەریەك لە (جەلال حاجی سەعید ئاغا) بەڕێوبەری کارگەری چیمەنتۆی سەرچنار، (جەمیل شەکیب) بەڕێوبەری تەحریرات، (زەعیم شێخ مارف شێخ حەمەغەریب) ئەفسەری پلە باڵای خانەنشین، (عەقید مەحموود خەفاف) ئامیر حامیەی کۆن، (ئەحمەد ساڵح قاسم) دادوەر، (د. جمال ڕەشید) پزیشك، (سەعید ئاغای کەریم خان و عەبدە ئاغای شاڵی) کەسایەتی شار و (رفیق چالاك) وەك هونەرمەند و (کامەران موکری) وەك شاعیر خرابوونە هۆڵی یەك، بەڵام و (کەمالی شێخ جەلال و شەماڵی شێخ جەلال) وەك کاسبکار، خرابوونە هۆڵی دوو(شارەوانی سلێمانی، لل٥٨-٦٤). ئەو هۆڵانەش بە وتەی چەند شایەتحاڵێك گوزەرانی گیراوان لەوپەڕی خراپییدا بووە، بەڵام ئەوە بۆ هەموو گیراوان وەها نەبوو، بۆ نمونە (موسا سەمەد) بەڕێوبەری پەروەردەی سلێمانی بەهۆی ئەوەی پرسیارەکانی بەکالۆری هەردوو قۆناغی سێیەمی ناوەندیی و پێنجەمی ئامادەیی لە ئەستۆ بوو، لە ڕۆژی دووەم خواردنی بۆ هێنرایە ناو زیندان و دواتر ئازادکرا، تا بچێتبەدەم پرۆسەی تاقیکردنەوەکانەوە (شارەوانی سلێمانی، ل٥٩). لەکاتێکدا زۆرینەی زیندانییەکان، تا (دوو) ڕۆژ خواردنیان پێنەدرا(بابان، ١٦/١، شارەوانی سلێمانی، ل٦٠). لەگەڵ ئەوەشدا ورەیان بەرزبوو و، هەموویان دەیانزانی لەسەر کوردبوون گیراون، نەك لەسەر کاری خراپ. کاتەکانیشان بە گێڕانەوەی چۆنیەتی گیرانیان و دۆخەکە و بیرەوەریی پێشوویان بەسەردەبرد(شارەونی سلێمانی،

ل٥٩). هـۆکاری دابیننەکردنـی خواردنیـش بـۆ زیندانییـەکان، سـەرباری دڕندەیـی (زەعیـم سـدیق)و بەرپرسـانی سـەربازی شـار و هێزەکانـی (حـەرەس قەومـی)، تـا توندتـر سـزای گیـراوەکان بـدەن، داخسـتنی بـازاڕ و دوکانەکانـی شـار بـوو، تـا ئازووقـەی پێویسـت و خواردنـی ئـەو هەمـوو گیـراوە دابیینبکرێت(بابـان، ١٦/١؛ شـارەوانی سـلێمانی، ل٦٠). ئـەوەش بـوو بـە هـۆی مردنـی هەندێـک لـە گیـراوەکان و نەخۆشـکەوتنی هەندێکـی تریان(شـارەوانی سلێمانی، ل٦٠). کاتێکیـش لـە سـێیەمین رۆژی زیندانیانـدا، برنجیـان بـە خووسـاویی بـۆ هێنـان و بەسـەر گیراوەکانـدا دابەشـکرا، بـوو بـە هـۆی نەخۆشـکەوتنی بەشـێکی زۆری گیـراوەکان، بەتایبـەت (سـکچوون). بـۆ چـوارەم رۆژیـش واتـە (١٢ی حوزەیـران)، شـۆربا و نیسـك و ماشـیان بـۆ گیـراوەکان هێنـا و بەسـەریاندا دابەشـکرا(بیرەوەرییەکانی غەفـوور ڕەشـید داراغـا؛ شـارەوانی سـلێمانی، لـل٦٤-٦٥). بـەڵام سـەربازەکان بـە دزییـەوە و لەپێنـاوی قازانجـی خۆیـان، سـەموون و جگەرەیـان بـۆ ئـەو زیندانانـە دەهێنـا، کـە داوایاندەکـرد و پـارەی باشـیان پێـدەدا. دیـارە سـەربازەکان سـەموونەکانیان لـە بەشـی خۆیـان دەهێنـا و دەیانفرۆشـتەوە. نرخـی یـەك سـەموون (٧٥٠) فلـس و نرخـی یـەك پاکـەت جگـەرە (٢٥٠) فلـس بوو(بیرەوەرییەکانـی غەفـوور ڕەشـید داراغـا). بەوەشـدا دیاربـوو، کـە سـەموون بەهـۆی برسـییەتی گیـراوان، خواسـتێکی زۆری لەسـەر بـوو، بۆیـە نرخـی یـەك پاکـەت جگـەرە سـێ بەرابـەری نرخـی یـەك سـەموون بـوو!

سـەرباری ئازادکـردنی (موسـا سـەمەد)یش، (مەولـود مەریەم)یـش لـە دووەم ڕۆژدا ئازادکـرا، چونکـە ئەرکـی سەرپەرشـتیکردن و ڕێکخسـتنی تاقیکردنـەوەی بەکالۆریـی لەئەسـتۆدا بوو(شـارەوانی سـلێمانی، ل٦٤). بەدوایـدا خوێنـدکاران ئازادکـران، هەتـا بچنبـەدەم تاقیکردنەوەکانیانـەوە. دواتـر، ئەوانـەی پیـر و نەخـۆش بـوون ئازادکـران، تـا خەڵکـی تـر بخەنە شوێنیان(شـارەوانی سـلێمانی، ل٥٩)، بەڵام سـەرباری ئەوەشی خوێنـدکاران ئازادکـران، تاقیکردنەوەکان دواخـران و نەکـران (شـارەوانی سـلێمانی، ل٦٤). لـە رۆژی سـێیەمیش بەشـێکی زیندانییـەکان ئازادکـران، لەنێـو ئەوانـە هونەرمەنـد (رفیـق چـالاك) بوو(بابـان، ١٧/١).

لایەنێکـی تـری خراپـی دۆخـی زیندانییـەکان چوونـە سـەر ئـاو واتـە (تەوالێـت) بـوو، بـەوەی بـە لێـدان دەبرانـە سـەر ئـاو و دەهێنرایـەوە و، رۆژی یەکجاریـش رێـگای چوونـە سـەرئاو هەبوو(بابـان، ١٦/١). لەنێـو ئـەو دۆخەشـدا بەرپرسـانی زینـدان کەسـێکیان بەنـاوی (عەلـی بولبـول) لەگـەڵ خۆیـان بەسـەر هۆڵەکانـی زینـدان دەگێـڕا، تـا ئـەو کەسـانەیان بـۆ دەستنیشـان بـکات، کـە دژی حکومەتـن، لەکاتێکـدا ئـەو کەسـە ژیـری تـەواو نەبـوو. بەهۆی ئەویشـەوە هەریـەك لـە (کەمـال حەمـە شـازمان) مامۆسـتای دواناوەندیـی و (ئەحمـەدی حاجـی سـاڵحی قاسـم)، دادوەری دادگای سـلێمانی بـە بەرپرسـانی زینـدان ناسـێنران و دووچـاری ئەشـکەنجە و ئـازار بوون(شـارەوانی سـلێمانی، ل٦٦). هەروەهـا (کەمالـی شـێخ جەمـال) بەهـۆی ئـەوەی چـاوی دەتـروکان و سـەربازەکان وایاندەزانـی چاویـان لێدادەگرێـت، زۆر ئەشـکەنجە و ئازاریانـدا (شـارەوانی سـلێمانی، ل٥٩). لـە دوای (سـێ) رۆژیـش لـە رۆژی ڕەشـبگیریی و زیندانییکردنیـان، دەسـتە دەسـتە ئازاددەکـران و بـە لۆریـی سـەربازیی لـە حامیـەوە دەگوازرانـەوە بـۆ ناوبـازاڕ و گەڕەکەکانـی نزیـك بـازاڕ و لەوێـوە ڕەوانـەی مـاڵ و خێزانیـان دەکـران، بـەڵام بـەو حاڵەشـەوە ژمارەیـەك لـەو دەسـتگیرکراوانە، تـا (٥٣) ڕۆژ لـە زینـدان مانەوە(شـارەوانی سـلێمانی، ل٦٧).

گیراوەکانیـش هـەر ئـەوە نەبـوون لـەو دۆخـە خراپـەدا لـە زینـدان بمێننـەوە، بەڵکـو رۆژانـە دەسـتە دەسـتە بەمەبەسـتی لێکۆڵینـەوە لەگەڵیـان ڕەوانـەی دادگایەکـی رووکـەش دەکـران، کـە لـە ژێـر چادرێـکی سـەربازیی و لـە گۆڕەپانـی حامیـەدا، کـە بـۆ زیندانییـەکان ئامادەکرابـوو. ئەوانـەی ڕەوانـەی ئـەو دادگایـە دەکـران، تۆمەتـی ناپاکییـان بـە حکومـەت و بەعـس دەدرایـە پـاڵ. دادگاکـە سـەربازیی و لەلایـەن خـودی (زەعیـم سـدیق) سـەرۆکایەتیی دەکـراو

(عەبدولڕەزاق سەید مەحموود) موتەسەریفی سلێمانی وەك جێگری سەرۆکی دادگا دانرابوو. دەستەیەکیش، کە لە (موقەدم فەیسەڵ، عەقید جاسم بەغدادی، دکتۆر موحەممەد عەلی حوسێن) پێکهاتبوون(دیشنەر، ل٢٠٠؛ ئەمیر محەمەد و عەباس کەریم، ل٣٨؛ شارەوانی سلێمانی، ل٨٥)، ئەرکیان دادگاییکردن و جێبەجێکردنی فرمانەکانی بوو. بە واتایەکی تر، هیچ یەك لە (زەعیم سدیق و عەبدولڕەزاق سەید مەحموود) ئامادەی دانیشتنی دادگاکە و دادگاییکردنی گیراوان نەبوون(بابان، ١٧/١). بەتایبەت موتەسەریف هیچ دەسەڵاتێکی لەو ڕووداوەدا نەبوو، چونکە پێش ڕووداوەکە بە ماوەیەك شار و لیواکە کرابوو بە ناوچەیەکی سەربازیی و فەرمانەکان لە (زەعیم روکن سەعید فەتحی ئەلسقلی) فەرماندەی سەربازیی باکووری عێراق بۆ (زەعیم سدیق) فەرماندەی سەربازی لیوای بیست دەردەچوو((پاشکۆی بەڵگەنامەکان، بەڵگەنامەی ژمارە-١، بارزانی، ١٢١/١/٣؛ محەمەد باقی سەعید٢٠١٦، لل(٦٥، ٧١) )). ئەویش دەسەڵاتی تەواوی دابوو بە دەستەکە. بۆ دادگاییکردنەکەش پۆل پۆل گیراوەکان دەهێنرانە نێو چادرەکە و بێلێپرسینەوەو تەنیا بە یەك سەیرکردن بڕیار لە ئازادکردنی یان گوللە بارانکردنیان دەدرا. وەك ئەوەی یەکێك لە گیراوەکان، کە دەمانچەیەکی پێ گیرابوو، کاتێك هێنراوەتە ژێر چادرەکە، بێئەوەی سەیری کەسەکەش بکرێت بڕیاری گوللەبارانکردنی درا(بابان، ١٦/١-١٧).

سەبارەت بە ژمارەی گیراوەکان بۆچوونی جیاواز هەیە، هەر شایەتحاڵ و ئازادکراوێکی ڕووداوەکە، ژمارەیەکیان خستۆتەڕوو، کە هیچیان ئاماری وردیان نیشان نەداوە. پێدەچێت هۆیەکەش ئەوەبێت، کە هەموویان لە یەك هۆڵدا نەبوون، بەڵکو بەسەر (سێ) هۆڵدا دابەشکرابوون و گیراوەکانی هۆڵێك ئاگایان لە گیراوەکانی (دوو) هۆڵەکەی تر نەبووە. لەوانە (ئەحمەد ساڵح قاسم)، کە خۆی یەکێك بووە لە گیراوەکان و دادوەریش بووە، ژمارەکەی بە (٤٠٠) کەس دیاریکردووە(بابان، ١٥/١). (محەمەد باقی سەعید)یش، کە شایەتحاڵی ڕووداوەکە بووە ژمارەکەی بە (٥٠٠) کەس تۆماری کردووە(٢١٦، ل٢١٢). شایەتحاڵێکی تریش بە (٧١٢) کەس(بیرەوەرییەکانی غەفوور ڕەشید داراغا)و یەکێکی تریش بە (٦٠٠٠) کەس تۆماریکردووە(د. محمود دەروێش نادر، ل٥٥).، بەڵام نووسەر و توێژەران ژمارەی تریان باسکردووە. هەندێك بە (٢٦٧) کەس(وانلی و ئەوانی تر، ل٢٧١؛ دیشنەر، ل٢٠٠؛ ئەمیر محەمەد و عەباس کەریم، ل٣٨). هەندێکی تر بە (٣٧٥٤) کەس (بابان، ١٥/١-١٦؛ شارەوانی سلێمانی، ل١٧) باسیان کردووە. لە کۆی ئەوانیش زۆر پێدەچێت ژمارەکەش لە (٣٠٠٠) کەس زیاتر بووبێت.

ئەوانەشی لە ڕۆژی (٩ی حوزەیران) بوون بە قوربانیی ئەو ڕووداوە و سیاسەت و دڵڕەقیی (زەعیم سدیق) ژمارەیەکی بەرچاو بوون، کە خۆیان لە (٢٨٠) کوژراودا (بۆ زانینی ناو پیشەی ژمارەیەکی ئەو کوژراوانە، بڕوانە، پاشکۆی بەڵگەنامەکان، بەڵگەنامەی ژمارە-١). لەنێو ئەواندا (نامق مستەفا ئاغا) کەسایەتی شار بوو (د. محمود دەروێش نادر، ل٥٥)، کە لەلایەن (عەریف حەمید) لەناو حامیەی سلێمانی کوژرا. هەریەك لە (ئەنوەر سەعید دارتاش، یاسین ساڵح، حەمەبۆر حەمەساڵح، ئیسماعیل ئیبراهیم) وەك (چوار) مامۆستای دیار و کادیری پارتی دیموکراتی کوردستان لە قوربانییانی ئەو ڕۆژە بوون(بابان، ١٨/١؛ شارەوانی سلێمانی، ل٤١؛ محەمەد باقی سەعید٢٠١٢، ل٨٠). کوژرانی ئەو (چوار) مامۆستایە و لە هەمان کاتدا یاریزانیش بوون، بەهۆی ئەوە بوو، دەیانوویست بەرەو یاریگای سلێمانی لە گەڕەکی چوارباخ بڕۆن، چونکە ئەو شوێنە لەلایەن ناوچەی سلێمانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بۆیان دیاریکرابوو، تا چاودێری دۆخەکەی لێبکەن، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەسەر سەربانی یاریگاکە بنکەیەکی سەربازی دانرابوو، ئەوانیش ئاگادارنەبوون، لەکاتی چوونیان بۆ ئەوێ، کەوتنە بەر دەستڕێژی گوللە و بوون بە قوربانیی(بابان، ١٨/١). دوو کەسی تریش بە ناوەکانی (بابە عەلی

و کەمال مەحموود حاجی) لە کوژراوەکان بوون(شارەوانی سلێمانی، لل٤٠-٤١). (شێخ عەبدول بابا گورون و عومەری حاجی یونس)یش، کە دوکانێکی هاوبەشی پێداویستی رۆژانەی خەڵك و ئازووقەیان هەبوو لە گەڕەکی کانیسکان، بە هۆی ئەوەی چەند رۆژێك پێش کۆمەڵکوژییەکە، چەند پاسەوانێکی (زەعیم سدیق) هەندێك پێداویستی خۆیان لە خۆراك و ئازووقە لە دوکانەکەیان کڕیبوو، بەڵام پارەیان نەدابوو، بۆیە پاسەوانەکان ئەو رۆژەیان قۆستەوە و هەردوو دوکاندارەکەیان لەبەردەم ماڵەکەی خۆیاندا کوشت((بابان، ٢١/١؛ شارەوانی سلێمانی، لل(٤٢، ٧٥) )).

قوربانییەکی تر (کەمالی حەمەی فەرەج) بوو، کە دوای ئەوەی خرایە چاڵێکەوە، خۆڵکرا بەسەریدا و زیندەبەچاڵکرا(شارەوانی سلێمانی، ل٤٠). سیانی تر لە کوژراوەکان (رەحیمی عەینە قەساب، کەمالی حاجی فەرەجی سوسن، حاجی باقی) بوون(د. محمود دەروێش نادر، ل٥٥). (عەلی ئاسنگەر)یش لەماڵی خۆیدا کوژرا، لەکاتێکدا منداڵە ساواکەی لە باوەشدا بوو(شارەوانی سلێمانی، ل٤١).

یەکێکی تر لە قوربانییەکان (ئەحمەد کەریم) ناسراو بە (ئەحە نەوتە) بوو لە دێی قرگە لەگەڵ (مەلا رەشید)، کە تەمەنی لە (٩٠) ساڵییدا بوو(شارەوانی سلێمانی، ل٤٢). (ئەحە نەوتە) ئەندامی ناوچەی سلێمانی پارتی بوو، کاتێك ویستبووی هەندێك بڵاوکراوەی پارتی بگەیەنێتە گوندی قرگە، کەوتە بەر دەستڕێژی گوللەی سەربازانی حکومەت و کوژرا((چاوپێکەوتنی موحەممەد ئەحمەد، (٢٠٢١/١١/٢٦) ))، بەڵام (مەلا رەشید) لە ماڵەکەی خۆی خانووەکەی بەسەردا رووخێنرا و دواتر سوتێنرا(شارەوانی سلێمانی، ل٤٢). جگە لە دەیان کوژراوی تر، کە زۆربەی چین و توێژەکانی شار و دەوروبەری سلێمانی گرتەوە(بڕوانە پاشکۆی بەڵگەنامەکان، بەڵگەنامەی ژمارە-٤)

سەبارەت بە ژمارەی کوژراوەکانیش وەك ژمارەی گیراوەکان، بۆچوونی جیاوازی لەسەرە. هەندێك بە ١٧٠-١٧٦ کوژراو(محەمەد نوری تۆفیق٢٠٠٢، ل٢١؛ البوتانی، ص٣٧٩؛ هەوراز جەوهەر، ل١٥٩)و هەندێکی تر بە ٢٨٠ کوژراو تۆماریانکردووە(الحسنی، صص٢٨١-٢٨٢؛ قەرەداغی، لل٣ بەدواوە، بارزانی، ١٢١/١/٣؛ وانلی، ص٢٧٢؛ محەمەد باقی سەعید٢٠١٦، لل٢١٢-٢١٣)). شایەتحاڵێکیش باسی لە ٣٦٠ کوژراوی کردووە، کە لەسەر شەقام و لە نێو کۆڵانەکان دا بەجێماون(د. محمود دەروێش نادر، ل٥٥)، بەڵام ئەوەی ساغبۆتەوە ٢٨٠ کوژراوبوون. بەشێکیشیان زیندەبەچاڵکراون(الحسنی، صص٢٨١-٢٨٢؛ بارزانی، ١٢١/١/٣؛ وانلی، ص٢٧٢). جگە لەوەی بەشێك لەوانەی زیندانییکران بەهۆی برسییەتیی و سکچوون و رشانەوە و نەخۆشی درێژخایەنەوە مردن(محەمەد باقی سەعید٢٠١٦، لل٢١٢-٢١٣). لە کۆی ئەو ژمارانەش زۆرترین بەرکەوتە لە منداڵ و پیر و پەککەوتە بوون(بابان، ١٤/١). زۆرترین قوربانیش لە خەڵکی ئەو گوندنشییانە بوون، کە لە بەیانییەوە بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان، یان بۆ کڕینی پێداویستی رۆژانەیان، یان بۆ کارێکی تایبەت سەردانی شاریان کردبوو(بابان، ١٤/١). ئەوەش لەکاتێکدا بوو لەو رووداوەدا ماڵی هیچ کەسێك نەڕووخا(محەمەد نوری تۆفیق، ل٢١). ئەو رۆژەش بە (مەنعە تەجەول) ناسراو ئەوەش یەکەمین جار بوو ئەو ناوە بکەوێتە سەر زاری خەڵکی شارەکە (بیروەرییەکانی غەفوور رەشید داراغا؛ محەمەد نوری تۆفیق، ل٢١). ئەم حاڵەتی قەدەغەی هاتوچۆیەش تا رۆژی دواتر بەردەوام بوو و، رۆژی ١١ی حوزەیران قەدەغەکە هەڵگیرا(بابان، ١٤/١).

پاساوەکانی حکومەت و بەعسییەکانیش بۆ کوشتنی خەڵکی بێتاوان و گەمارۆخستنەسەر شارەکە و دەوروبەری، ترساندن و کوشتنی زۆرترین هاوڵاتیی بوو، بەڵام هەوڵیدا بیانوو بۆ ئەو کارانە بهێنێتەوە. وەك ئەوەی (حەمە

دەمە) گوللەبارانکرا، چونکە ئامادەنەبوو جنێو بە (مستەفا بارزانی) رابەری شۆڕشی ئەیلوول بدات. (حەمەڕەشید لەگوڵان)یش بە پاساوی ئەوە کوژرا، چونکە نەیتوانی بەسەر ئۆتۆمبێلە سەربازییەکەدا سەربکەوێت. ئەوەش دوای ئەوەی سەربازێك لەپشتەوە بە قەمەیەك کوشتی. هەروەها کوشتنی (رفیق کونجرینی) بە بیانووی ئەوەی گوایە پردی (عەلی ئاغا)ی رووخاندووە، کوژرا(شارەوانی سلێمانی، ل٤٢).

کوشتنی (حاجی باقی) ئەندامی حیزبی شیوعی عێراقیش بەهۆی دۆزینەوەی دوربینێك بوو لەماڵەکەیدا، گوایە بۆ مەبەستی سەربازیی بەکاریهێناوە.(شارەوانی سلێمانی، ل٤١).

یەکێکی تر لە کوژراوەکان (ئیسماعیل ئیبراهیم بەلوعەچی) بوو، کە دوای ئەوەی دەستگیرکراو خرایە ئۆتۆمبێلێکی سەربازییەوە بەهۆی ووتنەوەی سروودی (ئەی رەقیب) لەلایەن سەربازەکانەوە گوللەباران کرا و، کوژرا(شارەوانی سلێمانی، ل٤١).

کەسایەتی (زەعیم سدیق)و کۆمەڵکوژییەکانی: هەر کاتێك باس لە کۆمەڵکوژییەکەی (٩ی حوزەیرانی١٩٦٣ز) دەکەین، ناکرێت ناوی (زەعیم سدیق) نەهێنرێت، کە بەرپرسی یەکەمی ئەو تاوانە بوو. ناوبراو ناوی تەواوی (سدیق مستەفا)و لەدایکبووی شاری (موسڵ)و کەسێکی کورتە باڵای قەڵەو، چاوەکانی بچووك و مڕ و مۆچ و تورە بوو(بابان، ١٢/١). ئەفسەرێکی پلەداری سوپای عێراق و، کەسێکی توند و دڵسۆزی بڕیارەکانی دەوڵەت بوو(د. علي كريم سعيد، ص٢٦٥). دوای کودەتاکەی (١٤ی تەمموزی١٩٥٨ز)، کرا بە فەرماندەی لیوای پێنجی سوپای عێراق و، لە دوای کودەتاکەی (٨ی شوباتی١٩٦٣ز) ێش گوێزرایەوە بۆ فەرماندەیی لیوای بیستی سەر بە فیرقەی یەك. (الحسني، ص ص٢٨١-٢٨٢؛ د. محمود دەروێش نادر٢٠٢١ز، ل٥٥). لە ماوەی مانەوەیشی لەوێ، زۆر بە توندیی دژی هەموو ئەوانە وەستاوە، کە ملکەچی فرمان و بڕیارەکانی حکومەت و تەنانەت خۆیشی نەبوون. ئەو لە مێژووی کاری سەربازییدا پێشینەیەکی زۆر توند و خراپی هەبوو بەرامبەر هەموو ئەوانەی ملکەچی دەوڵەت نەبوون. تەنانەت زۆر توند دژایەتیی ئەوانەی کرد، کە لەگەڵ بزووتنەوەی کورد و شۆڕشەکەی بوون. لە سەردەمی کودەتای بەعسییەکانیشدا، دڕندەیی ئەو فەرماندەیە زیاتر دەرکەوت، چونکە خودی بەعسییەکانیش نەك تەنیا بەرامبەر کورد، بەڵکو بەرامبەر هەموو ئەوانەش توند و دژ بوون، کە وەك خۆیان بیریان نەدەکردەوە(بابان، ١١/١). کاتێکیش فەرمانی دەسەڵاتی سەربازیی بەسەر تەواوی سنووری لیوای سلێمانی پێسپێردرا، لە یەکەم کاردانەوەیدا، گوندی (سەیارە)ی سنووری (دەربەندیخان)ی لەگەڵ زەوی تەختکرد و دانیشتوانەکەی کۆمەڵکوژ کرد، چونکە لەگەڵ شۆڕشی ئەیلوول بوون(هێرش، ل٦٠). لە لێدوانێکیشدا وتبووی '' ئامادەیە لە جەلەولا تا ئەوپەڕی لیوای هەولێر، بە هەموو گوند و شار و ئاوەدانییەکانییەوە بسوتێنێت، هەتا ملکەچیی هەموو دانیشتوانەکەی بەدەستدەهێنێت. توانای ئەو کارەیشی هەبوو، چونکە دەبابە و فڕۆکە و تۆپی دوورهاوێژی لەبەردەست بوو''(هێرش، ل٥٥).

کاریگەریی و شوێنەواری کۆمەڵکوژییەکە لەسەر دانیشتوانی شاری سلێمانی و دەوروبەری و، تەنانەت بەعسییەکان: رووداوەکە کاریگەریی نەرێنیی لەسەر کۆی دانیشتوانی شارەکە و دەوروبەر و تەنانەت باشووری کوردستانیش درووستکرد. هەروەها رای گشتیی دەرەوەشی لەسەر هاتە دەنگ، کە لە تەوەری سێیەمدا باسیدەکەین. ئەوەش سەرباری ئەوەی بۆ ماوەی (چوار) رۆژ هەر لە (٩ی حوزەیران) تا (١٢ی حوزەیران) قەدەغەی هاتوچۆ راگەیەنرا و، ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی شار بە دییل گیران و کوژران(شارەوانی سلێمانی، ل٦٩)، دۆخێکی خراپی لە رووی ترس و دڵەڕاوکێ و بارێکی دەروونیی خراپی لای کۆی دانیشتوان و سنووری

لیواکە دروستکرد. هەر لە کوژرانی چەندین کەسایەتیی و هاوڵاتیی شار لەبەردەم ماڵەکانیان و لە ناوبازاڕ، بێ ئەوەی بتوانن ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمەکانیان بکەن و بنەماڵە و کەسوکاریان بە دەوریانەوە بن. هەروەها دیارنەبوونی چارەنووسی ئەوانەی دەستگیر کرابوون و خزێنرابوونە زیندانەوە. بەتایبەت نەخۆش و بەتەمەنەکان و ئافرەتان، تا بە خوێندکاران دەگات. ئەوەش تەنیا بۆ چەند ڕۆژێکی کەم نا، بەڵکو دوای (٥٣) ڕۆژ بوار درا، لە چارەنووسیان ئاگادار بن. ئەوەش کاتێك لە ڕۆژی (١٤ی تەمموزی١٩٦٣ز) داوا لە دانیشتوانی شاری سلێمانی و دەوروبەری کرا، بۆ ئاگاداربوون لە چارەنووسی گیراوەکان، سەردانی ئەو شوێنانە بکەن، کە لیستی ناوی بەندکراوەکانی تێدایە. لیستەکانیش بە دیواری بەردەرکی سەرا و مزگەوتی گەورە و چەند شوێنێکی دیاری شارەوە هەڵواسرابوون(شارەوانی سلێمانی، ل٦٦). بۆ ڕۆژی دواتر کەسوکاری ئەوانەی ناویان لە لیستی گیراوەکاندا هاتبوو، بە خێزان و بنەماڵە و کەسوکاریانەوە چوونە سەردانی گیراوەکان و بەتانی و پۆشاك و سابوون و پاکەتی جگەرە و خواردن و خواردنەوەیان بۆ بردن(شارەوانی سلێمانی، ل٦٧). دیارە ئەوەش دۆخێکی تەواو دژوار و قورس بوو، هەزاران خێزان و بنەماڵەی سلێمانی، تا (٥٣) رۆژ ئاگاداری ئازیزانیان لە باوك یان دایك و برا و خوشك و هەروەها باپیر و کەسە نزیکەکانیان نەبن. تەنانەت چارەنووسی مان و نەمانیان، تا ئەو ماوەیە بە شاراوەیی بمێنێتەوە. لەکاتێکدا بەشێك لەوان کەم ئەندام و نەخۆش و تەنانەت ئافرەت بن، کە بۆ ئەو سەردەمەی شاری سلێمانی و دەوروبەری حاڵەتێکی قورس بوو.

سەرباری ئەو دۆخەی لە (٩ی حوزەیران) بەسەر شاری سلێمانی هێنرا، حکومەت لە (١٠ی حوزەیران) شەڕی سەرانسەریی بۆ سەر خاکی کوردستان و لە دژی کورد و شۆڕشی ئەیلوول ڕاگەیاند(حنا بطاطو، ٣٣٣/٣؛ ئیبراهیم جەلال، ل١٢١؛ بارزانی، ١٢٠/١/٣-١٢١؛ کۆچیرا، ل٣٠٤؛ تۆفیق نوری بەگ٢٠٢٠، ل١٠٦). (رادیۆی بەغداد)ش بەیاننامەیەکی بە ناوی (ئەنجومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتیی شۆڕش) بڵاوکردەوە و تێدا هاتبوو ''ئەنجومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتیی شۆڕش لە عێراق داوا دەکات لە ماوەی (٢٤) کاتژمێردا هەموو کوردەکان چەکەکانیان دابنێن و خۆیان بەدەستەوەبدەن، ئەگەر خۆیان بەدەستەوە نەدەن، کۆتاییان دێت((عیسمەت شەریف وانلی و ئەوانی تر١٩٩٨، لل٢٦٩-٢٧٠)؛ د.علی کریم سعید، لل٢٥١-٢٥٢؛ محمد عومەر مەولود٢٠٠٦، ل١٤٢). لەبەرامبەردا مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر داوای (مستەفا بارزانی) سەرۆکی پارتی و ڕێبەری شۆڕش داوای حکومەتی ڕەتکردەوە و بڕیاریدا بە شەڕ و درێژەدان بە شۆڕش و بەرەنگاربوونەوە(وانلی و ئەوانی تر، لل٢٦٩-٢٧٠).

ڕۆژێك دوای ڕاگەیاندنی شەڕ لە دژی کورد و، لە رۆژی (سێشەممە) بەرواری (١١ی حوزەیران)، (عەبدولڕەحمان عارف) برای سەرۆك کۆمار و بە یاوەری (سەعید فەتحی ئەلسەقەیلی) فەرماندەی سەربازی باکوور، بە هیلیکۆپەتەرێکی سەربازیی هاتنە شاری سلێمانی، هەتا بەشداریی سەرکەوتنی کارەکەی (زەعیم سدیق) بکەن. بە دوای هاتنی ئەویش لەسەر فەرمانی (عەبدولرەحمان عارف) ژمارەیەك زیندانیکراو ئازادکران(بابان، ٢١/١).

لەلایەکی ترەوە، هەر لە سنووری لیوای سلێمانی و لەسەر فەرمانی (زەعیم سدیق) هێرشکرایە سەر ناوچەکانی دەرەوەی سلێمانی و، لەسەرە ڕێگایدا فرمانی بە (نەجیب کشمولە) کرد گوندی (دەمرکان) بسوتێنێت، هەتا پێشمەرگە سوود لە ئاوەدانییەکەی نەبینن(شارەوانی سلێمانی، ل٤٢). لە دامێنی چیای زمناکۆش، گوندەکانی سنووری ناوچەی دەربەندیخانیشی سوتاند و، لەوێشەوە بەرەو شارۆچکەی (هەڵەبجە)و ناوچەی هەورامان پێشڕەویکرد، بەڵام دواجار لەنزیك گوندی (بیارە) لەلایەن پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلولەوە شکا و، ناچاریانکرد

بـە پاشەکشـە (تالیـب مۆریـاسی٢٠٠٨، ٣٨/١، ٤٣-٤٤).

سـەرباری هەمـوو ئەوانـە، لەکاتـی هەڵکوتانـی هێزێکـی چەکـدار بـە فەرماندەیـی (غانـم ئەمیـن ئەلسـوباح) باریـدەدەری لیـوای بیسـت بـۆ گونـدی (چوارقورنـە) هـەر بـە فرمانـی (زەعیـم سـدیق)، بـە بەرچـاوی خەڵکـی گوندەکـەوە گوللەبارانـی دەیـان کـەسی کرد(شـارەوانی سـلێمانی، ل٥٥). لـە بەرەبەیانـی (٨ی تەممـووزی١٩٦٣ز)و لەکاتـی هێـرش بـۆ سـەر گوندەکانـی باشـووری سـلێمانی و لەکاتـی پەلاماردانـی گونـدی (زڕگوێـز)، دوای ئـەوەی گوندەکـەی بۆمبارانکـرد، جیـاوازی لەنێـوان هیـچ شـوێنێکی گوندەکـەدا نەکـرد، بـە مزگەوتـی گوندەکەشـەوە. لەنـاو مزگەوتیـش (دوو) هاوڵاتیـی کوشـت، کاتێـك بـۆ نوێـژی بەیانـی چووبوونـە ئەوێ(شـاژین هێـرش٢٠١٧، ل٥٠). لـە شـاری (پێنجوێن)یـش (١٢) هاوڵاتیـی تـری لەکاتـی نوێـژ و لەنـاو مزگەوتێـکی پێنجوێـن دا کوشـت(هێرش، ل٥٠).

ئـەو رووداوانـەی شـاری سـلێمانی و دەوروبـەری کاریگەرییشـی بـۆ سـەر پێگـەی بەعسییەکان لـە دەسـەڵاتدارێتی عێـراق دا درووسـتکرد. دیـارە ئـەوان سـەرباری ئـەوەی لـە (١٠ی حوزەیـران تـا ١٨ی تشرینـی دووەمـی١٩٦٣ز) شـەڕێکی خوێناویـان بەسـەر کوردسـتاندا سـەپاند(محەمەد عومـەر مولـود٢٠٠٦، ل١٤٢)و رەشـەکوژیی و گرتـن و ئەشـکەنجەدانێکی بێوێنەیـان بەرامبـەر کـورد کـرد، کـە هییـچ پێشـینەیەکی مێژوویـی نەبێت(سـۆزان کەریـم مسـتەفا، لـل١٨٦-١٨٧)، بـەڵام دواجـار بـە شکسـتی خۆیـان و دوورخسـتنەوەیان لـە دەسـەڵات دواییهـات (کەنـداڵ و ئەوانـی تـر، ل٢٨٥؛ شـیرزاد زکریـا محمـد، ص٣٥٧؛ ئیبراهیـم جـەلال، ل١٢٣). راسـتە ئـەوان لـەو ماوەیـەدا هەمـوو کێشـە و ناکۆکییـە ناوخۆییەکانـی خۆیـان وەلانـا و هەوڵێکیـان بـۆ لەناوبردنـی کـورد و شۆڕشـەکەی خسـتەکار و خۆیـان یەکخسـتەوە، پەناشـیان بـۆ وڵاتانـی دەوروبـەر بـرد، هەتـا لـە لێدانـی کـوردەکان پشـتیوانییان بکەن(ئیبراهیـم جـەلال، ل١٠٩؛ د. عـلي کریـم سـعید، صـص٢٣٦-٢٤٠؛ حوسـێن محەمـەد عەزیـز، ل١٩٩، تۆفیـق نـوری بـەگ، ل١٠٦)، بـەڵام هەمـوو هەوڵەکانیـان شکسـتیهێنا.

## تەوەری سێیەم

### رەهەندە سیاسییەکانی کۆمەڵکوژییەکەی شاری سلێمانی

گومانـی تێـدا نییـە ئـەم کۆمەڵکوژییـەی بەسـەر شـاری سـلێمانیدا هـات، هـەر لـە سـاتی روودانیـەوە، هەتـا رۆژانـی دواتریـش، چەندیـن کاریگەیـی و رەهەنـدی جیـاوازی لەسـەر واقیعـی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریـی و سـەربازیی کوردسـتان بـە گشـتیی و شـاری سلیمانی بەتایبەتیـی درووسـتکرد. بەپێـی زانسـتی سیاسییش ئـەو رووداوە لـە ریـزی ئـەو رووداوانـە بـوو، کـە چەمکـی (وەرچەرخـان)ی لـە رێـرەوی قوناغێـکی مێژوویـدا دروسـتکرد(ألفين توفلـر١٩٩١، ٢٢/١). وەرچەرخـان و گـۆڕان لـە ڕووی کۆمەڵایەتـی و جەماوەرییـەوە لەلایـەك و وەرچەرخـان لـە هەڵویسـتی سیاسیی لەلایەکـی تـرەوە. تەنانـەت بـۆ رەهەنـدە دەرەکیـی و نێودەوڵەتییەکانیـش دەسـتپێکی هەڵویسـت و لێکدانـەوە فەرمیـی و نیودەوڵەتیـی بـوو، هەتـا لـە چوارچێـوەی رەهەنـدە سیاسیـی و ناسیاسـییەکانی ئـەم کـردە کۆمەڵکوژییـەدا جێگابیێتـەوە. لێـرەدا و تایبـەت لـەم تـەوەرەدا شـیکردنەوە بـۆ هەندێـك لـە رەهەنـدە سیاسـییەکانی ئـەو رووداوە دەکەیـن.

١.ئاراسـتەی رووداوەکـە: سـەرەتا ئـەم کۆمەڵکوژییـە لـە ئەنجامـی شکسـتێکی سـەربازیی هێزەکانـی سـوپای عێـراق هـات، بەرامبـەر هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان، لـە (٨ی حوزەیـرانی١٩٦٣ز)و لـە (چیـای ئەزمـەر)ی باکـووری خۆرهـەڵاتی سـلێمانی. بەدوایـدا سـوپای عێـراق هاتـە نـاو شـاری سـلێمانی و لـە تۆڵـەی ئـەو شکسـتەدا کارەسـاتی

(٩ی حوزەیـران)ی بەسـەرداهێنا(چاوپێکەوتنی پێشـووی بێسـتون عەلـی کەریـم و حاجـی عەزیـزی کۆسـتەی بـان).
ئەمـەش دەرخـەری ئاراسـتەی سـەربازیی کـردە کۆمەڵکوژیەکـە بـوو، جگـە لـەوەی دەسـەڵاتدارانی عێـراق لـەو کاتـەدا دەرکیـان بـە پێگـە و رۆڵـی و کەسـایەتیی سـەرکردەی شۆرشـی ئەیلـوول (مسـتەفا بارزانـی) کردبـوو، بەتایبـەت لـە نێـو خەڵکـی شـاری سـلێمانی دا(د. عـلي کریـم سـعید، ص٢٥٤. چاوپێکەوتنـی پێشـووی بێسـتون عەلـی کەریـم).
(عومـەر عەلـی ئەمین)یـش وەك هونەرمەندێـك، وتوویەتـی "لـەو سـەردەمەدا و لـە شـاری سـلێمانی کەسـێك نەبـوو (مسـتەفا بارزانـی) خۆشـنەوێت، تـا ئـەوەی بـێ ئەنـدازە رێزیـان لـە بارزانـی و بارزانییـەکان دەگـرت، چونکـە سـەرۆکی پارتـی و رابـەڕی شۆڕشـەکە و لـە بنەماڵەیەکـی ئایینـی ناسراویـش بوو(زانیـاری سـەردار قڕگەیـی٢٠١٨، ل١٥٥). ئـەم هـۆکارەش وای لـە دەسـەڵاتدارانی عێـراق کـرد بـۆ چاوترسـاندن و شـکاندن و تـرس بڵاوکردنـەوە لـە نێـو دانیشـتوانی شـار و بەرامبـەر گیـراوەکان، لـە پـای ئازادبوونیـان وتـەی نەشـیاو بـە کەسایەتی (مسـتەفا بارزانـی) بڵێـن و سـوکایەتیی پێبکـەن. بەپێچەوانـەوە رووبـەڕووی مـەرگ دەبنەوە(قڕگەیـی، ل٢٧٦). ئەمـەش دەرخـەری ئـەو راسـتییە بـوو، کـە گیانـی شۆڕشـگێریی خەڵکـی شـاری سـلێمانی و بەرگریـی لـە پیرۆزییەکانیـان، زۆر گەورەتـر بـوو لـەو قوربانییـەی لەپێناویـدا دایـان. ئـەو دۆخـەی رووبـەڕووی شـاری سـلێمانی و دانیشـتوانەکەی بـووەوە، رووداوێکـی ئاسـایی و ئاسـان نەبـوو، چونکـە نەیاندەتوانـی لەبـەر گیـزەی گوللـەی سـەربازەکان و دەنگـی تـۆپ، سـەردەربهێنن لـە ماڵـەوە. خـۆ ئەگـەر لەمـاڵ دەربچوونایـە، دووچـاری گرتـن و کوشـتن دەبوونـەوە (شـارەوانی سـلێمانی، ل٤٠).
٢. رەنگدانـەوەی جەماوەریـی: خاڵـی وەرچەرخانـی ئـەم رووداوە و وەك کردەیەکـی کۆمەڵکـوژی ئـەوە بـوو، کـە یەکـەم رووداوی گـەورە بـوو لـە دژی خەڵکـی مەدەنیـی و لەنـاو شـاردا رووبـدات. بەتایبـەت لـە ناوەنـدی شـارێکی وەك سـلێمانی لـەو سـەردەمەدا، کـە پێشـتر پێشـینەی لـە قۆناغەکانـی ململانێـی کـورد و حکومەتـی عێـراق دا نەبـوو. ئـەوەش بـوو بـە دەسـتپێکێک بـۆ چەنـد رووداوێکـی هاوشـێوەی سیاسـیی لـە قۆناغەکانـی دواتـر و لـە سـەردەمی کودەتـای دووەمـی بەعسـییەکان لـە (١٧ی تەممووزی١٩٦٨ز)(ایـف ایـث وائـی و بیـنروز١٩٨٩، صـص٨٥-٨٦؛ کۆچێـرا، ل٣٤٣؛ د. عـلي کریـم سـعید، صـص١٩٠-١٩١)، بۆیـە ئـەم کارەسـاتە رووداوێکـی ترسـناك و نـاخ هەژێـن بـوو بـۆ خەڵکـی شـاری سـلێمانی و هەسـتێکی قـووڵ و کاریگەرییەکـی دیـاری لەسـەر هەڵویسـتی دانیشـتوانی شـاری سـلێمانی بـە جێهێشـت؛ لەوانـە:
ا. جۆرێـك لـە هەسـتی چەوسـانەوە لای خەڵکـی شـار گەشـەیکرد، بـە جۆرێـك، رژێـم و سـوپاکەیان بـە سـتەمکار و تاوانـکار بینـی و هەڵویسـتێکی میللیـی جەماوەریـی پـڕ لـە رق لـە دژی رژێمـی بەعـس و حـەرەس قەومییـەکان هاتـە ئـاراوە. لەهەمـان کاتـدا هەسـتی نەتەوایەتیـی کوردیـی، لـە ئاسـتی جەمـاوەردا بەهێزتـر کـرد.
ب. خەڵکـی شـار هەڵسـەنگاندنیان بـۆ واقیعـی سیاسـیی ئـەو کاتـە لا گەڵاڵەبـوو، بـەوەی تێگەشـتن لـەوە کـە لـەو رووداوەدا، کـێ بـە هانایانـەوە دەچێـت و کـێ پشـتگیر و پشـتیوانیانە؟ ئـەوەش (پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان)و شۆڕشـەکەیان (شۆڕشـی ئەیلـوول) بـوو، بۆیـە ئـەوە بـوو بـە هـۆی بەهێزکردنـی پێگـەی پارتـی و هێـزی شۆڕشـەکە لەنـاو هەنـاو و دەروونـی خەڵکـی شـار و دەوروبەریـدا. هەروەهـا کەمبوونـەوە و لاوازبوونـی پێگـەی لایەنەکانـی تـر بـە تایبـەت (حیزبـی شـیوعی عێـراق).
ج. سـەرەڕای بڵاوکردنـەوەی تـرس و تۆقانـدن، بـەڵام ئـەم رووداوە نـەك هـەر وای نەکـرد خەڵـك واز لـە سیاسـەت و تێکۆشـان بهێنێـن و سـاردببنەوە، بەڵکـو مەیـل و حـەزی شۆڕشـگێریی زیادیکـرد و، گیانـی قوربانییـدان و تیکۆشـان لای سـەرجەم توێژەکانـی شـار و دەوروبـەری گەشـەیکرد(چاوپێکەوتنی سـەعید سـەلیم پشـدەری، ١٨ی کانـوونی

یەکەمی٢٠٢١ز؛ چاوپێکەوتنی دکتۆر خۆشەوی کەمال، ١٩کانوونی یەکەمی٢٠٢١ز).

٣. ڕەنگدانەوە سیاسییەکان: ئەوەی جێگای سەرنجە ڕەنگدانەوە سیاسییەکانی ئەم ڕووداوە کۆمەڵکوژییە، کاریگەرییەکی بەرچاوی لە سەر کۆی ڕووداوەکان و واقیعی سیاسیی و حیزبیی و شۆڕشگێریی لە ئاستی دەرەوە و ناوەوەی درووستکرد، گرنگترینیان:

ا. ڕەوشی گفتوگۆ: ئەم کارەساتە، گفتوگۆکانی شۆڕشی کورد و حکومەتی ناوەندیی، کۆتاییپێهێنا، کە زۆر جار لەماوەی جیاجیادا بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بەردەوامیی هەبوو. بەتایبەت لەسەرەتای کۆدەتای یەکەمی بەعسییەکان لە (٨شوباتی١٩٦٣). بەجۆرێك هەتا کۆتایی دەسەڵاتی بەعسییەکان لە (١٨ی تشرینی دووەمی١٩٦٣ز) هیچ دانیشتن و دانوستانێك نەکرا، تا ئەو کاتەی لە (١٠ی شوباتی١٩٦٤ز) سەرۆك کۆماری عێراق (عەبدولسەلام عارف) لە ئێزگەی بەغداد و بە فەرمیی بەیانێکی ئاراستەی گەلی کورد و تێدا دانپێدانی خۆی بۆ مافەکانی گەلی کورد لە (٨) خاڵدا ڕاگەیاند. ئەوەش بوو بە هۆکاری وەستاندنی شەڕی نێوان هەردوولا(عبدالكريم افندى١٩٩٥، صص٥٣-٥٤؛ ئیبراهیم جەلال، لل١٤٠-١٤٢)، کە بەتێکرا ڕەنگدانەوەی کارەساتی (٩ی حوزەیرانی١٩٦٣ز) بوو .

ب.نزیکبونەوەی (حیزبی شیوعی عێراقی و پارتی دیموکراتی کوردستان): لەگەڵ هاتنی بەعسییەکان بۆ دەسەڵات، حیزبی شیوعی عێراق بوو بە ئامانجێکی بەعسییەکان و ڕووبەڕووی گرتن و کوشتن بوونەوە. ئەوەش وای لەو پارتە و بەرپرس و کادیر و ئەندامانی کرد، رابردوو فەرامۆش بکەن و لە پارتی دیموکراتی کوردستان نزیکببنەوە(خليل الجندى١٩٩٤، ص١٣٨؛ دەرگەڵەیی، ل٣٢٥؛ شيرزاد زكريا محمد، صص٨١-٨٥). ئەوە لەکاتێکدا بوو هەر لەساڵی (١٩٥٩ز)، تا بەو ڕووداوە دەگات، ململانێیەکی توند لە نێوان هەردوولادا لە سەر ئاستی عێراق بە گشتی و کوردستان بەتایبەتیی هەبوو. ڕووداوەکانی ساڵانی (١٩٦١-١٩٦٢ز)تا بەهاتنی بەعسییەکان دەگات بۆ دەسەڵات شایەتی ئەوە بوون، کە چەندین ڕووداو و ڕووبەڕووبونەوەو تەنانەت کاری توندوتیژیی لەنێوان هەردوولا ڕوویدا(باقر ياسين، صص١٤٢-١٤٣)، بەڵام کاریگەرییەکانی ئەم ڕووداوە خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە درووستکرنی پەیوەندییەکی باشتر و هێوربونەوەی گرژیی و ململانێکانی نێوانیان. بە دڵنیاییەوە لە ڕووی سیاسییەوە، ئەم پەیوەندیانە چ لە سەر ئاستی عێراق و چ لەسەر ئاستی دەرەوە و تەنانەت کوردستانیش کاریگەریی بەجێهێشت و لەیەك نزیکبوونەوە. هۆکەی ئەوە بوو هەردوو لایەنی سیاسیی، (دوو) هێزی سەرەکیی و کاریگەری سەر ئاستی عێراق و ناوچەکە بوون(چاوپێکەوتنی پێشووی دکتۆر خۆشەوی کەمال).

ج. کاریگەریی لەسەر عێراق و پارتی بەعسی عەرەبیی سۆشیالیستیی: ئەم ڕووداوە و چەند ڕووداوێکی تر بە ڕێژەیەکی بەرچاو، هۆکاری دروستبوونی هەڵویستی جیابوو لەنێوان سەرکردەکانی پارتی بەعس و دابەشبوونیان بۆ (دوو) ڕەوتی توندڕەو و میانڕەو(کۆچیرا، ل٢١٣). وەك ئەوەی کەسانی وەك (عەلی ساڵح ئەلسەعدی و مونزر ئەلونداوی) لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەرێمیی پارتی بەعس لە بەرەی توندڕەوەکان بوون و پشتئەستور بوون بە هێزی حەرەس قەومیی، کە خودی (مونزر ئەلونداوی) ئەفسەرێکی باڵای هێزی ئاسمانی عێراق، سەرکردایەتی دەکردن. هەروەها هەریەك لە (حازم جەواد، عەبدولکەریم شێخلی)ش لە بەرەی میانڕەو و کردە سەربازییەکانی حەرەس قەومییان ڕەتدەکردەوە. ئەوە بوو لە (١١ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ز) کۆنگرەیەکی هەرێمی نائاساییان گرێدا (حازم جواد)و لایەنگرەکانیان سەرکەوتن، هەروەها (عەلی ساڵح ئەلسەعدی)و (هەشت) لە هاورێکانیان وەلانران و بۆ وولاتی (ئیسپانیا) دوورخرانەوە. لەکۆتایدا ئەم ناکۆکییانە سەریانکێشا بۆ وەلاخستنی تەواوەتیی بەعس لە دەسەڵات لە (١٨ تشرینی یەکەمی١٩٦٣ز) (د. علي كريم سعيد، صص٣٢٧-

٣٣٠، بطاطـو؛ ٣/٢٣٤-٢٣٥، هـادی حسـین علیـوی٢٠٢١، https://almawrid.news/articles/view/details).

٤. پشـتیوانیی شۆرشـی ئەیلـوول و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان: لـە ئەنجامـی ئـەو سـتەمە بـێ وێنەیـەی لـەو کارەساتەدا دەرهـەق بـە خەڵـك و دانیشـتوانی شـاری سـلێمانی کـرا، خەڵکـی شـار و دەوروبـەری و تەنانـەت باشـووری کوردسـتانیش، هەسـتێکی قوڵیـان لـە بەرامبـەر سـتەمی بەعسـییەکان و حکومەتـی عێـراق لا دروسـتبوو. ئەمـەش وایکـرد بـە شـێوەیەکی بەرچـاو روو لـە ریزەکانـی شۆرشـی ئەیلـوول بکـەن و لـە شـارەکانیش باشـتر و تونـد و تۆڵـتر لـە جـاران پاڵپشـت و پشـتیوانی شـۆرش و پارتـی و سـەرکردایەتییەکەی بـن. لـەم بوارەشـدا شـۆرش پشـتیوانییەکی باشـی جەماوەریـی بەدەسـتهێنا و ژمـارەی پێشـمەرگە زیادیکـرد. ئەمـەش کاریگەریـی بەرچـاوی لـە بەهێزبوونـی شـۆرش و ئاسـتی جەماوەریـی و هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان هەبـوو. هەمـوو ئەمانـەش ئاسـتی پەیوەندییـە ناوخۆیـی و دەرەکییەکانـی شۆرشـی گرتـەوە. بەشـێوەیەکی ئەرێنیـی لەهەمـوو ئاسـتەکاندا خـۆی بینییەوە(چاوپێکەوتنـی پێشـووی سـەعید سـەلیم پشـدەری). وەك بەڵگـەش شـۆڕش توانـی ریزەکانـی خـۆی رێـك بخاتـەوە و لەسـەر ئاسـتی بـاڵاش (ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی شـۆرش) لـە (٦٣) کەسـایەتی دامـەزرا (افنـدی، ص٧٥، شـیرزاد زکریـا محمـد٢٠١٥، ص٥٤، شـیرزاد زکریـا محمـد٢٠٢١، لـل٥٣-٨٨). ئەنجومەنەکـەش بریتیبـوو لـە سـەرکردایەتی پارتـی و هەندێـك لـە فەرمانـدە سـەربازیی و کۆمەڵایەتیـی و ئایینیـەکان و بەشـداریی پێکهاتـەکان، هەتـا چاودێریـی شـۆڕش و بەدواداچوونـی داوای کادیـر و ئەندامانـی پارتـی و هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان و خـودی شۆرشـەکە و هاوڵاتییانـی ژێـر دەسـەڵاتی شـۆرش و دەرەوەی بکات(شـیرزاد زکریـا محمـد، ص٥٤).

٥. رەنگدانـەوە دەرەکییـەکان: هەتـا کاتی کۆمەڵکوژییەکـە، کاردانـەوەکان لـە سەرئاسـتی نێودەوڵەتیـی، نەچووبـووە چوارچێوەیەکـی فەرمیـی و بەرجەسـتەکراو، بـەڵام دوای ئـەم کۆمەڵکوژییـە هەندێـك کاردانـەوەی هەرێمایەتیـی و نیودەوڵەتیـی و یاسایی هاتـە ئـاراوە. ئـەوەش لەلایـەك بـە زیانـی کـورد و شۆڕشـەکەی و لەلایەکـی تـرەوە بـە قازانجیان بـوو. لـەو کاردانەوانـەی کـە هێزیـان بـۆ بەعسـییەکان گێڕایـەوە و بـە زیـان بـۆ کـورد و شۆرشـەکەی شـکایەوە، ئەمانـە بـوون:

ا. ئـەو کۆمەڵکوژییـەی شـەڕی کوردسـتانی بـەدوای خۆیـدا هێنـا و بەعسـییەکانی ناچارکـرد، بـۆ لێدانی کورد شۆڕشـەکەی داوای پشـتیوانیان لـە دەوڵـەتی بەعسـی سـووریایی بکـەن. بـەو هۆیەشـەوە لایـەنی سـووریا رەزامەنـدی هاوکاریـی سـەربازیی بـۆ عێـراق لـە لێـدانی شـۆرشی کـورد نیشـاندا و هێزێکـی سـەربازیی و چـەك و تەقەمەنـی و یارمـەتی لۆجسـتییان بـۆ پشـتیوانیی و پشـتگریی گەیانـدە سـوپای عێراق(ئیبراهیـم جـەلال، ل١٠٩؛ تۆفیـق نـوری بـەگ، ل١٠٦).

ب. بـەو پێیـەی شـەڕی حکومەتـی عێـراق لەگـەڵ کـورد پێویسـتی بـە لایەنـی داراییـی هەبـوو، بۆیـە لەگـەڵ حکومەتـی کوەیـت کەوتنـە دانوسـتان، تـا لەپێنـاو هاوکارییکردنـی داراییـی دەوڵەتەکەیـان بـۆ مانەوەیـان لـە دەسـەڵات و سـەرکەوتنیان بەسـەر شۆڕشـی کـوردا، واز لـە گێڕانـەوەی کوەیـت بـۆ سـەر خـاك و وڵاتەکەیـان بهێننـن. ئـەو پارەیەشـی حکومەتـی عێـراق داوایکـرد، حکومەتـی کوەیـت پێیـدا، بـڕی (٣٠ ملیـۆن) دینـاری کوەیتـی بـوو(د. علـی کریـم سـعید، صـص٢٣٦-٢٤٠؛ حوسـێن محەمـەد عەزیـز، ل١٩٩).

ج. دەوڵـەتی ئێرانیـش لـە بەعسـییەکان نزیکبوویـەوە، چونکـە کۆتاییـان بـە دەسـەڵاتی شـیوعییەکان لـە عێـراق هێنـا، کـە بـۆ سیاسـەت و دەوڵـەتی ئێـران مەترسیی بـوون. هـەر بۆیـە کاتێـك شـەڕیان لـە دژی کـورد راگەیانـد و مەترسـیی هەبـوو کـە ئـەو شـەڕە دووچـاری شکسـت و کێشـەیان بـکات، لـە رێگـەی فرۆکەخانـەی سـەربازیی کەرکوکـەوە چـەك و تەقەمەنیـی سـەربازییان گەیانـدە دەوڵـەتی عێـراق، هەتـا لـە دژی کـوردەکان و سـەروەریی خـاك و دەسـەڵاتەکەیان

بەکاریبهێنن. لەم بارەیەوە (فوئاد شاکر مستەفا) موتەسەریفی کەرکوك، باسی لەو هاوکارییانەی دەوڵەتی ئێران لە ڕێگای سنووری دەسەڵاتییەوە بۆ وڵاتەکەی کردووە(حوسێن محەمەد عەزیز، ل١٩٩). هەموو ئەوانەش بەو واتایە بوون، کە بەعسییەکان بە پشتیوانی وڵاتانی دەوروبەر کەوتنە لێدانی کورد و شۆڕشەکەی.

سەبارەت بەو کاردانەوانەش، کە هەتا ئاستێك بە زیانی ناوبانگی بەعسییەکان و قازانجی کورد و دۆزەکەی بوون، ئەمانە بوون:

ا. وەزیری دەرەوەی مەنگۆلیا لە (٣ی تەممووزی١٩٦٣ز) یاداشتێکی ئاراستەی کۆبونەوەی هەژدەیەمی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد و، داوای دەستبەجێ وەستاندنی ئەو پەلاماردان و کۆمەڵکوژییانەی کرد، کە دژ بە گەلی کوردی عێراق کراون. دیارە هەرچەندە ئەم داواکارییە لەلایەن ئەنجومەنی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە (٢٥ی تەمموز) ڕەتکرایەوە(وانلي، ص٢٩٠، الجندي، ص١٥٢؛ ئیبراهیم جەلال، ل١١٩؛ سەلاح ڕەشید، ٢٧٠/١)، بەڵام ئەمە لە سەدا و کاریگەریی ئەم داواکارییە فەرمییەی کەم نەکردەوە، چونکە دەنگی کۆمەڵکوژیی کورد و لێدانی شۆڕشەکەی، گەیاندە باڵاترین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی. هەر لەو کۆبوونەوەیەشدا وەزیری دەرەوەی (چیکۆسلوفاکیا) پشتگیریی وڵاتەکەی بۆ کورد و شۆڕشەکەی کرد و، داوای کۆتاییهێنان بە کۆمەڵکوژیی کورد لە عێراق کرد و، حکومەتی عێراقیی بە کۆمەڵکوژیی کوردەکانی نێو دەسەڵاتی تۆمەتبارکرد((د. مارف عومەر گول٢٠٠٢، ل٢١؛ لە (ش.خ. مەگۆیی١٩٩١، لل٢١٦-٢١٧) )).

ب. (یەکیەتی سۆڤێتیی)یش لە (٩ی تەمموزی١٩٦٣ز)و لە ڕێگای (ئەندریۆ گرۆمیکۆ)ی وەزیری دەرەوە، یاداشتێکی دا بە باڵیۆزخانەکانی (سوریا، تورکیا، ئێران) لە وڵاتەکەی و ئاگاداریکردنەوە و داوالێکردن، کە نابێت یارمەتی و پشتگیریی سیاسەتی بەعس لە عێراق بکەن(ادمون غریب١٩٧٣، ص٨٠؛ الجندي، ص١٥١؛ نجم الدين اليوسفي١٩٩٥، ص١٨؛ وانلي، ص٢٩٠؛ ئیبراهیم جەلال، ل١١٩؛ نەوزەر ڕشید٢٠٠٢، ل١٨). ئەو کارەی وەزیری دەرەوەی یەکیەتی سۆڤێتییش دوای سیاسەتێکی شۆڤێنستانەی عەرەبی (حکومەتی سووریا) بوو، کە لە ناوچەی بادینانەوە هاوکاریی سەربازیی بەعسییەکانی عێراقیان کرد(البوتاني، ل٣٥٢، کۆچیرا، ل٣١١، ڕاندال، ل٢٢٧). لە یاداشتەکەی ئەو وەزیرەدا هاتبوو ''ئەو بارودۆخەی ئەمڕۆ لە باکووری عێراقدا تێپەردەبێت لەلایەن حکومەتی سۆڤێتییەوە جێگای قبول نییە و ناتوانین لێی بێدەنگ بین، چونکە ئەو سیاسەتەی حکومەتی عێراق لە دژی کوردەکان پەیڕەودەکات، ئاشتی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەخاتە مەترسییەوە''(وانلي، ص٢٩٠).

ج. ڕێکخراوی مانگی سووری نیودەوڵەتیی بانگەوازێکی ئاراستەی حکومەتی عێراق کرد و داوای ڕاگرتنی شەڕ و کۆتاییهێنان بەو کۆمەڵکوژیانە کرد، کە دژ بە خەڵکی کوردستان ئەنجام ئەدرێن(موسوعة الكتاب، http://www.moqatel.com/openshare/Behoth/Siasia٢١/Akrad/sec١٦٣.htm).

## ئەنجام

لە کۆی ئەم توێژینەوەیە و ئەو ڕووداوانەی کارەساتی (٩ی حوزەیرانی١٩٦٣ز) بەدوای خۆیدا هێنا، ئەم ئەنجامانەی خوارەوە دەردەکێشرێن:

١.شاری سلێمانی بەو مێژووە کەمەی هەیبوو، سەرباری ئەوەی دووچاری چەندین کارەساتی تر بوو، بەڵام هیچ ڕووداوێکی ڕابردووی هێندەی ئەو کارەساتە خوێناویی و مەترسییدار نەبوو.

٢. کارەساتەکە سەرباری ئەوەی دڕندەی بەعسییەکان و حکومەتی عێراقیی لەو قۆناغەدا بۆ کورد و خەڵکی

شـاری سـلێمانی دەرخسـت، بـەڵام نەیتوانـی کۆتایـی بـە ژیانـی ئـەو شـارە و خەباتـی خەڵکـە شۆڕشـگێڕەکەی بهێنێـت.
٣. ئـەو کۆمەڵکوژییـە بـوو بـە دەسـپێکی شـەڕی کـورد لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە، چونکـە هـەر ڕۆژێـك دوای ئـەو کۆمەڵکوژییـە بـە فەرمیـی شـەڕی لـە دژی کـورد ڕاگەیانـد. ئـەوەش بـە واتـای ئـەوەی شـاری (سـلێمانی) بـۆ حکومەتـی عێـراق و بەعسـییەکان گرنـگ و مەترسـیی بـوو، بەهـۆی ئـەوەی، دوای کۆمەڵکوژییەکـە شـەڕی سەرانسـەرییان لـە دژی کـورد و شۆڕشـەکەی ڕاگەیانـد.
٤. کۆمەڵکوژییەکـە دەریخسـت، کـە دەسـەڵاتدارانی عێـراق هیـچ جیاوازییەکیـان لـە نێـوان بەرپرسـەکانی حکومـەت لـە شـار و هاوڵاتییـان و تەنانـەت بەرپرسـانی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و پێشـمەرگەکانی شۆڕشـی ئەیلـوول نەکـرد و، هەموویـان بـە یـەك چـاو وەك کـورد و نەیـاری دەوڵـەت و حکومەتـی عێـراق سـەیرکرد.
٥. ڕووداوەکـە بـە هەمـوو پێـوەرکان جینۆسـاید بـوو، چونکـە گیـران و کوژرانـی ژمارەیەکـی بەرچـاوی خەڵـك و زیندەبەچاڵکردنـی دەیـان کەسـایەتیی و هاوڵاتییانـی شـار و دەوروبـەری لـە هەمـوو توێـژەکان بـە منـداڵ و نەخـۆش و پیـر و پەکەوتـەوە، نیشـانیدا، کـە ئـەوان هەموو سـنورێکی مرۆڤدۆسـتیی و ئاییـن و ڕێسـا دەوڵەتییەکانیـان تێپەڕاندووە.
٦. ئـەو کۆمەڵکوژیـی و ڕووداوە کارەسـاتبارە، تەنیـا لەڕێـی حکومەتـی عێراقـەوە جێبەجێنەکـرا، بەڵکـو پشـتیوانیی وڵاتانـی دراوسـێی وەك (سـووریا و ئێران)یـشی لەگـەڵ بـوو، بۆیـە وەك گەلەکۆمەکێیەکـی هەرێمـی بـوو، نـەك لەسـەر شـاری سـلێمانی، بەڵکـو لەسـەر کـورد و خەباتەکـەی، کـە لـەو کاتـەدا لـە باشـووری کوردسـتان لـەو پـەڕی هێـزدا بـوو.
٧. ئـەو ڕووداوە و ئاسـتی تاوانەکانـی حکومەتـی عێـراق بەرامبـەر بـە کـورد، وڵاتانـی وەك (مەنگۆلیـا و چیکۆسـلوفاکیا و یەکێتـی سـۆڤیەت)ی هێنایـە دەنـگ و داوای هەرچـی زوو وەسـتاندنی کۆمەڵکـوژی کوردیـان لـە حکومەتـی عێـراق کـرد.
٨. بـەو هەمـوو پیلان و دڕەندیـی بەعسـییەکان و سیاسـەتی هەرێمیشـەوە، کەچـی حکومەتـی عێـراق نەیتوانـی چـۆك بـە ئـیرادەی خەڵکـی شـارەکە و خەباتەکـەی و شۆڕشـەکەی دابـدات، بەڵکـو دواجـار بـە شکسـتی خـۆی و لێدانـی و دەرکردنـی لـە دەسـەڵات کۆتایـی هـات.
٩. ئــەم ڕووداوە و دەرهاویشــتەکانی خاڵێکــی وەرچەرخــان بــوو بــە ئاراســتەی جۆشــدانی ســەرلەنوێی هەســتی نەتەوایەتیــی و گیانــی بەرگریــی و تیینســەندنی شــۆڕش لــە سەرانســەری کوردســتان دا. هەروەهــا بــوو بــە خاڵــی وەرچەرخــان لــە فراوانبوونــی پەیوەندییەکانــی دەرەوەی شــۆڕش لــە ئاســتە جیاجیاکانــدا.
١٠. ئـەم ڕووداوە وایکـرد ڕۆڵ و پێگـە و هەژموونـی (مسـتەفا بارزانـی) زۆر زیاتـر بێـت و وەك سـەرکردەیەکی بەهێـز و کاریزمـا دەرکەوێتـەوە. هەروەهـا ڕۆڵ و کاریگەریـی هەبـوو بـە سـەر کـۆی ئـەو ڕووداوانـەی دواتـر لـە ناوخـۆی کوردسـتان و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان هاتـە ئـاراوە و، لـە بەرژەوەندیـی شـۆڕش و خـودی (مسـتەفا بارزانـی) شـکایەوە.
١١. بەرگریـی و خۆراگریـی خەڵـك و پێشـمەرگە لـە سـاتە وەختـی ڕووداوەکـە و دەرهاویشـتەکانی دواتـری وایکـرد، کـە حکومەتـی عێـراق بـە ناچاریـی و یـەك لایەنـە و لـە ئیزگـەی فەرمیـی بەغـداد و بـە واژۆی خـودی سـەرۆك کۆمـار، بەیاننامەیـەك بڵاوبکاتـەوە و بـاس لـە چەسـپاندن و دانپیانانـی هەندێـك لـە مافەکانـی کـورد بـکات. دواتـر دانوسـتان و ڕاوەسـتانی جەنگیشـی لێکەوتـەوە بـۆ ماوەیەکـی کاتیـی، کـە شـۆڕش و جەماوەریـش پێویسـتیی پێیبـوو.

# پاشکۆکان

## پاشکۆی ژمارە (١)(١)

أستناد الى مفهوم الادارة العراقية رقم ١٨ لسنة١٩٣٥ وبناء على ما عرضه وزير الدفاع وأقره المجلس الوطني لقيادة الثورة رسمنا بما هو ات:

مادة ١: تكون المنطقة الشمالية (الوية الموصل-أربيل-كركوك-السليمانية) منطقة عرفية واحدة.

مادة ٢: يعين الزعيم الركن سعيد فتحي الصقلي حاكما عسكريا عاما للمنطقة الشمالية بدلأ من الزعيم الركن عبدالكريم فرحان و الزعيم الركن أبراهيم فيصل الانصاري.

مادة ٣: يستمر المجلس العرفي العسكري الثالث والمجلس العسكري الرايع باعمالهما و يكونان تابعين الى الحاكم العسكري للمنطقة الشمالية.

على وزير الدفاع تنفيذ هذا المرسوم

كتب ببغداد في اليوم الثامن من شهر محرم سنة١٣٨٣هـ المصادف الثلاثين من شهر مايس١٩٦٣م.

المشير الركن

عبدالسلام محمد عارف

رئيس الجمهورية

## پاشکۆی ژمارە (٢)(٢)

بەیاننامەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ دانیشتوانی شاری سلێمانی

ئەی جەماوەری شاری سلێمانی نەبەز

ساڵ و نیوێك ڕابۆرد بەسەر هەڵگیرساندنی شۆڕشە نیشتمانییە ئازادی خوازەکەماندا دژی زوڵم و زۆرداری و دژی سیاسەتی توانەوە و لەناوبردن، گەلی کوردی قارەمانمان گەلێ لە چاکترین ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی کردە قوربانی ڕێگای ئازادی وە جەماهیری کوردستانیش کە گرد بۆتەوە لە دەوری لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان (پێشمەرگەری کوردستان) لە ژێر رابەرایەتی پارتی پێشڕەوەی شۆڕشگێڕی کوردستان (پارتی دیموکراتی کوردستان) تاقە یارمەتی دەرو پاڵ پشتی بوو بۆ بەرپەرچ دانەوەی دەست درێژی کەران.

وە بە بۆنەی دەرچوونی بەیانی ئەنجومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش لە ئێستگەی بەغداد و بە بەرواری (٩-١٩٦٣/٧/١٠) دەربارەی (دان پیانانی حوکومەت بە مافە نەتەوایەتی یەکانی گەلی کورد لەسەر بنچینەی لا مەرکەزی یەت) پێ ویستە لەسەر دانیشتوانی شارەکەمان کە بە هیچ جۆرێك خۆپیشان دان (مڤاهرە) نەکەن تاوەکو هەموو شتێکمان بۆ روون ئەبێتەوە. وە فەرمانی پارتیان پێ ئەگات لەم بارەیەوە لە هەمان کاتدا بەپێ ویستی ئەزانین بیخەینەوە یادی خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان کە ئەمڕۆ لە هەموو کاتێکی تر زیاتر پێ ویستمان بە وورياییی و دوور بینی و پتەوکردنی ڕیزەکانمان بە ڕێکخستنێکی شۆڕشگێڕی پۆڵایین هەیە لە ژێر سەرکردەیی پارتە پێشڕەوەکەمان دا بۆ هێنادی هەقەکانی گەلەکەمان.

بژی کورد و کوردستان

بژی پێشڕەوی شۆڕشگێڕی گەلی کوردستان-پارتی دیموکراتی کوردستان-

سەرکەوتن بۆ لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان

١٩٦٣/٣/١٠ پارتی دیموکراتی کوردستان

لقی سلێمانی

---

١ . جريدة الوقائع العراقية، العدد (٨٢٠)، في (١٩٦٣/٦/٢٢).

٢ . شازین هێرش و نزار محەمەد: س.پ، ١٥٦/١، شاژین هێرش و هێرش محێدین ئیبراهیم س.پ، ل٦١، سدیق ساڵح و ڕفیق ساڵح: س. پ، ل٦٥٦.

## پاشکۆی ژمارە (٣)(٣)

بروسکەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ مستەفا بارزانی

الى سيادة البارزاني

برقيتكم المرقمة ٦١/٢٦ في ٦/١٥، قراركم التأريخي حول مقاومة العدوان الاثم وتطهير كردستان الوادعة من رجس هؤلاء الفاشست أعداء الشعبين العربي والكردي. قد جاء تعبيرا صادقا عما تجيش به نفوس الاحرار من أبناء شعبنا الذين أدمت قلوبهم ما أرتبكه قطعان ذئاب عارف وجاش من الجرائم المنكرة بحق شعبنا الأعزل وبلادنا الجميلة.

أن ما تقوم به الحكومة من تركيز هجماتها الدعائية على شخصكم الكريم و على عشيرة بارزان الباسلة، دس رخيص للنيل من الوحدة بين الحزب و قيادتكم من جهة وبين الشعب و ثورته الوطنية من جهة أخرى. ولكن أكثال هذه المحاولة تتحطم ولاشك على صخرة الوحدة الصلدة بين قيادتكم و بين الحزب والشعب الكردي بأسره كغيرها من محاولات الأعداء، بمصطفى البارزاني الذي تهاجمه الحكومة وأبواقها أنما يمثل حركة جمعت بين أنبل العواطف الأنسانية وأحسن التقاليد النضالية الكردية الصالحة و أسمى المبادىء والقيم.

ثق أيها الأخ القائد أن فصائل الأنصار الوطنية في كردستان التي نفذت حرفيا أوامركم الصادرة حول أيقاف اطلاق النار، ستنفذ بكل دقه وبما تعهدونه فيها من بسالة واخلاص أوامركم بخصوص سحق عصابات البعث خلفية قاسم وسيعلم الذين ظلموا أي منقلب ينقلبون.

المجد والانتصار لثورة شعبنا في سبيل الدفاع عن كرامته و حقوقه وكيانه

الغزي والعار لعصابات البعث الفاشية المجرمة

المكتب السياسي

للحزب الديمقراطي الكردستاني

١٩٦٣/٦/١٥

پاشکۆی ژمارە (٤)(٤)

خشتەی ناوی قوربانییەکان

| زنجیرە | ناوی کوژراوان | پیشەکەی |
|---|---|---|
| ١ | نامیق مستەفا ئاغا | کەسایەتی شار |
| ٢ | عەبدول ڕەشید مەلا ئەحمەد | کەسایەتی شار |
| ٣ | عەبدولمەجید رشید ئەحمەد | کەسایەتی شار |
| ٤ | عەبدوللآ موحەممەد دزەئکی | کەسایەتی |
| ٥ | حەسەن مەحموود دزەئکی | کەسایەتی |
| ٦ | فەتاح مەجیدبەگ بیارە | کەسایەتی |
| ٧ | موحەممەد وەهاب ئاغا | کەسایەتی |
| ٨ | ئەحمەدی ئیبراهیم بەگ | خاوەن موڵك |
| ٩ | مەلا عابید موحەممەد سۆفی | مامۆستای ئایینی |

| | | |
|---|---|---|
| ١٠ | مەلا رەشید | مامۆستای ئایینی |
| ١١ | ئیسحاق حەنا | کەسایەتی مەسیحی |
| ١٢ | مەلا رەئوف موحەممەد سۆفی | پارێزەر |
| ١٣ | ئەنوەر سەعید دارتاش | مامۆستا |
| ١٤ | یاسین موحەممەد ساڵح | مامۆستا |
| ١٥ | موحەممەد حاجی حەمەساڵح | مامۆستا |
| ١٦ | ئیسماعیل ئیبراهیم بەلوعەچی | مامۆستا |
| ١٧ | حەمە بۆر | مامۆستا |
| ١٨ | حاجی باقی | مامۆستا |
| ١٩ | کەمال حەمەی فەرەج ئەفەندی | فەرمانبەر |
| ٢٠ | لەتیفی نەقار | پێشمەرگە |
| ٢١ | عەلی ئەحمەد هەڵەبجەیی | پێشمەرگە |
| ٢٢ | سابیر حەمە حەسەن | پێشمەرکە |
| ٢٣ | مام ئەمینی دەگاشێخانی | پێشمەرگە |
| ٢٤ | عینایەت ئەحمەد بۆیەنی | پێشمەرگە |
| ٢٥ | عەلی حەمە ئەمین قادر کۆساوەیی | پێشمەرگە |
| ٢٦ | نازم هەڵەبجەیی | پێشمەرگە |
| ٢٧ | بەکر حەبیب | سەربازی دەوڵەت |
| ٢٨ | نوری عەریزەنووس | عەریزەنووس |
| ٢٩ | غەمناك | عەریزەنووس |
| ٣٠ | موحەممەد حاجی عەبدولرەحمان | کاسب |
| ٣١ | عەبدوڵڵا حاجی عەبدولرەحمان | کاسب |
| ٣٢ | عومەر مینە میتوو | کاسب |
| ٣٣ | شەوکەت ئەمین ڕۆستەم | کاسب |
| ٣٤ | جەلال عەبدوڵڵا قادر | کاسب |
| ٣٥ | مەحموود حەسن ساڵح | کاسب |
| 36 | موحەممەد سەعید حەمەساڵح | کاسب |
| 37 | رفیق کونجڕێنی | کاسب |
| 38 | ئەحمەد کەریم-ئەحە نەوتە | کاسب |
| ٣٩ | عەبدوڵڵا ئەحمەد قادر | کاسب |
| ٤٠ | عەبدوڕەحمان حاجی کەریم | کاسب |
| ٤١ | عەبدوڵڵا جۆڵا | کاسب |
| 42 | موحەممەد قازی | کاسب |
| ٤٣ | حەمەخان | کاسب |
| ٤٤ | حەمە دەمە | کاسب |
| 45 | عومەری حاجی یونس | دوکاندار |
| ٤٦ | ئیسماعیل ئیبراهیم بەلوعەچی | پیشەوەر |
| ٤٧ | عەلی ئاسنگەر | پیشەوەر |
| ٤٨ | عوسمان جوڵا | پیشەوەر |
| ٤٩ | وەستا فەرەج | وەستای دیوار |

| | | |
|---|---|---|
| ٥٠ | جەلیلی نانەوا | نانەوا |
| ٥١ | والی نانەوا | نانەوا |
| ٥٢ | عومەر حاجی سەعید-عومەری بۆیاخچی | بۆیاخچی |
| ٥٣ | نامدار چایچی | چایچی |
| ٥٤ | شەفیق هۆمەر | چایچی |
| 55 | سولەیمان حەمە | قاوەچی |
| ٥٦ | ڕەحیمی عەینە | قەساب |
| ٥٧ | سابیر مەلا عەبدولڕەحمان | قەساب |
| ٥٨ | حەمە گوڵپی | جوتیار |
| 59 | مەلود ڕەشید عەبدولڕەحمان | جوتیار |
| 60 | ئەحمەد مەلا غەریب | جوتیار |
| `61 | عەزیز شەریف ئەمین | جوتیار |
| 62 | حاجی عەبدولڕەحیم عەولەك زمناكۆیی | جوتیار |
| 63 | حەمە ئەمین مەحموود | جوتیار |
| 64 | حاجی عەبدولڕەحیم | جوتیار |
| 65 | حەسەن مەحموود | جوتیار |
| 66 | حەسەن شوان | جوتیار |
| 67 | حەمەساڵح ئەورەحمان | جوتیار |
| 68 | مام خواكەرەم | جوتیار |
| 69 | كەریم یونس ئێلخانی | جوتیار |
| ٧٠ | مەجید سەعید | جوتیار |
| ٧١ | مام حەمەی كەناس | كرێكار |
| ٧٢ | ڕەحیم عەبدوڵلا | كرێكار |
| ٧٣ | كەمالی حاجی فەرەجی سوسێ | هاوڵاتیی |
| ٧٤ | حەمەڕەشید لەگوڵان | هاوڵاتیی |
| ٧٥ | غەفوورە شێت | هاوڵاتیی |
| ٧٦ | عەلی موحەممەد ئەمین | هاوڵاتیی |
| ٧٧ | شەریف عەزیز فەتاح | هاوڵاتیی |
| ٧٨ | قادر شاسوار | هاوڵاتیی |
| ٧٩ | كەمال مەحموود حاجی | هاوڵاتیی |
| ٨٠ | حەسەن مستەفا | هاوڵاتیی خەڵكی خانقین |
| ٨١ | لوتفیە | پەرستار |
| ٨٢ | گوڵاڵە عومەر | ئافرەتی ماڵ |
| ٨٣ | عائشە عومەر | ئافرەتی ماڵ |
| ٨٤ | مەحبوبە كەریم | ئافرەتی ماڵ |
| ٨٥ | ڕووناك كەریم | ئافرەتی ماڵ |
| ٨٦ | حەلاوی ئامە | ئافرەتی مال |

## سەرچاوەکان

یەکەم: بیرەوەرییەکان:

١.بیرەوەری (ئازاد ئەنوەر حەمەڕەشید)، ساڵی (١٩٦٣ز), دەستنووس.

٢. بیرەوەرییەکانی غەفوور ڕەشید داراغا، دەستنووس.

دووەم: بەڵگەنامەکان:

ا.بە زمانی کوردی:

٣.سدیق ساڵح و ڕفیق ساڵح/لە بە ڵگەنامەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان١٩٦٣-١٩٦٤، چاپی یەکەم، دهۆك، ٢٠٢١ز.

٤.شـاژین هێرش-هێـرش محێدیـن ئیبراهیم/پێشـمەرگەکانی ئەیلـول لـە چەندیـن بەڵگەنامـەی مێژوویـی دا (١٩٦١-١٩٦٤)، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی تەژنە-سـلێمانی، ٢٠١٧ز)

٥. شـازین هێـرش و نـزار محەمـەد/ بەڵگەنامە-پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە چەنـد بەڵگەنامەیەکـی مێژوویـدا١٩٥٨-١٩٦٣، چاپـی یەکـەم، سـلێمانی، ٢٠٠٣ز.

ب. بە زمانی عەرەبی:

٦. نضـال البعـث القطـري العراقـي١٩٥٨-١٩٦٣ مـن ثـورة الرابـع عـشر مـن تموز الى الرابـع عـشر مـن رمضـان، الطبعـة الاولى، بـيروت، ١٩٧٦م.

سێیەم: بە زمانی عەرەبی:

٧.ادمون غريب/ الحركة القومية الكردية، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٧٣م.

٨.اشيريان، ش.ج/ الحركة الوطنية في كردستان العراق١٩٦١-١٩٦٨، ترجمة، ولاتو، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٧٨م.

٩.افنـدى، عبدالكريـم/ فصـول مـن ثـورة أيلـول في كردسـتان العـراق، الطبعـة الاولى، مطبعـة كليـة الشريعـة- جامعـة دهـوك، ١٩٩٥م.

١٠.الياس فرح/قراءة منهجية في كتاب في سبيل البعث، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٨١م.

١١.بابان، طه/عالم الكرد المرعب، الطبعة الاولى، مطبعة شفان-السليمانية، ٢٠٠٢م.

١٢.باقـر ياسـين/الاجتثاب و دكتاتوريـات العقيـدة الواحـدة في العـراق مـن الالـف الثالـث قبـل الميـلاد الى الالـف الثالـث بعـد الميـلاد، الطبعـة الاولى، دار اراس للطباعـة والنشر-اربيـل، ٢٠١٢م.

١٣.بهاالديـن نـورى/في تقيـم سياسـة الحـزب الشـيوعي العراقـى في سـنتي (١٩٥٨-١٩٩١م) مـازق الحركـة الشـيوعية في العـراق، الطبعـة الرابعـة، بغـداد، ١٩٩١م.

البوتاني، عبدالفتاح/

١٤. الحركة القومية الكردية التحررية دراسات و وثائق، مراجعة: د.خليل على مراد، الطبعة الاولى، دهوك، ٢٠٠٤م.

١٥.بطاطـو، حنـا/ العراق-(الشـيوعيون والبعثيـون والضبـاط الاحـرار)، ترجمـة: عفيـف الـرزار، العراق-(الشـيوعيون والبعثيـون والضبـاط الاحـرار)، ترجمـة: عفيـف الـرزار، الطبعـة الاولى، منشـورات فرصاد-قـم، ايـران، ٢٠٠٦م.

١٦.توفلـر، ألفين/تحـول السـلطة، ترجمـه: حافـظ الجمالـى و أسـعد صقـر، الطبعـة الاولى، مطبعـة اتحـاد كتـاب العرب-دمشـق، ١٩٩١م، الجـزء الاول.

١٧.الجبوري، صالح حسين/ثورة ٨شباط١٩٦٣ في العراق نهاية حكم عبدالكريم قاسم، الطبعة الاولي، بلا.

١٨.الجندي، خليل/حركة التحرر الوطني الكردستان الجنوبي١٩٣٩-١٩٦٨-أراء و مراجعات، الطبعةة الاولى، ستوكهولم، ١٩٩٤.

١٩.الحسني، عبدالرزاق/تاريخ الوزارات العراقية، الطبعة الخامسة، بيروت ، لبنان، ١٩٧٨م.

٢٠.خدوري، مجيد/العراق الجمهوري، الطبعة الاولى، طهران، بلا.

الشاوي، منذر/

٢١. القانون الدستوري والمؤسسات الدستورية العراقية، الطبعة الاولى، مطبعة شفيق-بغداد، بلا.

٢٢.شيرزاد زكريا محمد/الحركة القومية الكردية في كردستان العراق، الطبعة الاولى، دار سبيريز-دهوك، ٢٠٠٦م.

٢٣.صياوي، نبيل عبدالرحمن دستور العراق الملكي، الطبعة الاولى، القاهرة، بلا.

عبدالله حنا/

٢٤. من الاتجاهات الفكرية في سوريا ولبنان من النصف الاول في القرن العشرين، الطبعة الاولى، بيروت، بلا.

٢٥.د. علي كريم سعيد/ عراق ٨ى شباط١٩٦٣-من حوار المفاهيم الى حوار الدم، مراجعات في ذاكرة طالب شبيب، الطبعة الاولى، دار كنوز الادبية-بيروت، ١٩٩٩م.

٢٦.فؤاد عارف/ مذكرات فؤاد عارف، تقديم وتعليق: د. كمال مظهر احمد، الطبعة الثانية، دار اراس-اربيل، ٢٠٠١م.

٢٧.محمد امين زكي/تاريخ السليمانية وأنحائها، ترجمة: جميل بندي روزبياني، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة الثقافة-السليمانية، ٢٠٠٢م.

٢٨.محمد منذر/الجبهة والحزب السياسي-المبادى العامة ومنطلقات أساسية، الطبعة الاولى، منشورات الحلبي الحقوقية-بيروت، ٢٠٠٤م.

٢٩.الموصلي، منذر/ القضية الكردية في العراق-البعث والاكراد، الطبعة الاولى، دمشق، ٢٠٠٢م.

٣٠.ميراني، علي صالح/الحركة القومية الكوردية في كردستان سوريا (١٩٤٦-١٩٧٠)، الطبعة الاولى، دهوك، ٢٠٠٤م.

ميشيل عفلق/

٣١. في سبيل البعث، الطبعة الثانية، دار الحرية للطباعة-بغداد، ١٩٨٦م.

٣٢نديم احمد الياسين/المسالة الكردية مواقف و منجزات، الطبعة الاولى، دار الثقافة للطباعة والنشر-بغداد، ١٩٧٥م.

٣٣.وائي، ايف اديث و بينروز/العراق دراسة في علاقات الخارجية١٩١٥-١٩٧٥، ترجمة: عبدالمجيد حسيب القيسي، الطبعة الاولى، بلا، ١٩٨٩م.

٣٤.وانلي، عصمت شريف/كردستان العراقية-هوية وطنية-دراسة في ثورة ١٩٦١م، ترجمة: د. سعاد محمد خضر، مؤسسة زين لأحياء التراث الوثائقي الصحفي الكردي، الطبعة الاولى، مطبعة شفان-السليمانية، ٢٠١٢م.

٣٥.اليوسفي، نجم الدين/ثورة ايلول المجيدة، الطبعة الاولى، دهوك، ١٩٩٥م.

چوارەم: بە زمانی کوردی:

٣٦.ئیبراهیم جەلال/ خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول-بنیاتنان و هەڵتەکاندن (١٩٦١-١٩٧٥ز)، چاپی سێیەم، چاپخانەی ژیار-سلێمانی، ١٩٩٨ز.

٣٧.بابان، جەمال/ سلێمانی شارە گەشاوەکەم، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠١٢ز.

بابان، جەمال و ئاسۆ بابان و ئومێد خالید/

٣٨. سلێمانی شارە گەشاوەکەم، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠١٢ز

٣٩.بارزانی، مسعود/ بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس-هەولێر، ٢٠١٢ز، بەرگی یەکەم.

٤٠.بارزانی و بزوتنەی رزگاریخوازی کورد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی رۆژهەلات -هەرێمی کوردوستان، ٢٠٢٠، بەرگی سێیەم.

٤١.توانا رشید کریم/سلێمانی لەنێوان سالانی (١٩٤٥-١٩٥٨) لێکۆلینەوەیەکە لە بارودۆخی سیاسی و ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات-هەولێر، ٢٠١٢ز.

٤٢.تۆفیق نوری بەگ/ بیرەوەری مێژوویی لە تێڕوانینی کوردێکی نەتەوەیی بەرامبەر شۆڕشی ئەیلولی١٩٦١،

چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی تاران-تـاران، ٢٠٢٠ز.
٤٣.پشـدەری، عەبدوڵڵا ئەحمـەد ڕەسوڵ/یاداشـتەکانی ژیانم-شۆڕشـی ئەیلـول سـاڵی ١٩٦١ دژی ڕژێمـی قاسـم، بەرگـی یەکـەم، هەولێر-هەرێمی کوردسـتانی ئێراق-ئێـراق، ١٩٩٧ز.
٤٤.حوسێن محەمەد عەزیز/کورد و شۆڕش و هەلی مێژوویی، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٠ز.
٤٥.خواجە، ئەحمەد/چیم دی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کامەرانی-سلێمانی، ١٩٦٩ز.
٤٦.دەرگەڵەیی، زرار سلێمان بەگ/بیرەوەرییەکانم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەهەند-سلێمانی، ب.چ.
٤٧.دیشـنەر، د. گۆینتـەر/ کـورد گـەلی لەخشـتەبراوی غـەدر لـێ کـراو، وەرگێڕانـی: حەمـە کەریـم عـارف، چاپـی دووەم، چاپخانـەی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری-هەولێر، ١٩٩٩ز.
دلێر، خالید/
٤٨. چەند وشەیەك بۆ مێژوو-کۆمەڵە وتار، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٣ز.
راندال، جوناتان، سی/
٤٩. کوردسـتان یـان کلۆڵـی نەتەوەیـەك-دوای ئـەو هەمـوو زانیارییـە لێبـوردنی چـی؟، وەرگێـڕانی: خـەسرەو شـاڵی، چاپـی یەکـەم، چاپخانەی بەرهەم-سـلێمانی، ٢٠٠٣ز.
٥٠.سدیق ساڵح/حکومەتی کوردستان لە سلێمانی (١٩١٨-١٩٢٤ز)، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٦ز.
٥١.سـەڵاح ڕەشـید/مام جەلال-دیـاری تەمـەن لـە لاویەتییـەوە بـۆ کۆشـکی کۆمـاری، چاپـی سـێیەم، چاپخانـەی کارۆ-سـلێمانی، ٢٠١٧ز.
٥٢.سـۆزان کریـم مسـتەفا/ بەعسـیزم و کـورد (تویژینەوەیەکـی مێژوویـی سـیاسی)یە (١٩٤٧-١٩٧٥ز)، چاپـی یەکـەم، دەزگای چـاپ و پەخشـی سەردەم-سـلێمانی، ٢٠٠٧ز.
شارەوانی سلێمانی/
٥٣. شـەهیدانی ٩ی حوزەیرانـی١٩٦٣ لاپەڕەیەکـی خوێنـاوی لـە خەباتـی گەلـی کورد-نامیلکەیەکـە چەندیـن نووسـین و گێڕانـەوە و وێنـە و دیکۆمێنتـی لەخۆگرتـووە، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی شڤان-سـلێمانی، ٢٠٠٢ز.
٥٤.شـوانی، ئاکـۆ عەبدولکەریم/شـاری سـلێمانی (١٩١٨-١٩٣٢) لێکۆڵینەوەیەکـی مێژوویـی سیاسـی یـە، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی زانست-سـلێمانی، ٢٠٠٢ز.
شێرزاد زکریا محمد/
٥٥. ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی شۆڕشـی ئەیلـول لـە کوردسـتان-عێراق (توێژینەوەیەکـی مێژوویـی سیاسـی گشـتییە١٩٦٤-١٩٧٠)، وەرگێڕانـی: هەندرێـن شـێرزاد، چاپـی یەکـەم، دهـۆك، ٢٠٢١ز.
٥٦.عەبدوڵڵا غەفور/فەرهەنگی جوگرافی کوردستان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٢ز.
٥٧.قەرەداغـی، رەنج/لـە مەرگەسـاتی حامیـەوە بـۆ سـەیرانگای پارکـی ئـازادی، چاپـی یەکەم، ئۆفسـێتی شڤان-سـلێمانی، ٢٠٠٣ز.
٥٨.قرگەیـی، زانیـار سـەردار/ کەسـایەتی مسـتەفا بارزانـی لـە هـزری ڕووناکبیرانـی شـاری سـلێمانی، چاپـی یەکـەم، هەولێـر، ٢٠١٨ز.
٥٩.کەرکوکـی، سەربەسـت/ گەڕانـەوە بـەرەو پرنسـیپەکانی کوردایەتی-لەبیرەوەییەکانـی مامۆسـتا ئیبراهیـم ئەحمـەد، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی کارۆ-سـلێمانی، ٢٠١٦ز.

٦٠.د. کەمال مەزهەر ئەحمەد/ چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، ئامادەکردنی: عەبدوڵلا زەنگنە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە-هەولێر، ٢٠٠١ز.

٦١.کەندال و ئەوانی تر/گەلێکی پەژموردە و نیشتمانێکی پەرت، وەرگێڕانی: م. گۆمەیی، چاپی یەکەم، ستوکهۆڵم، ١٩٩٨ز.

٦٢.کۆچیرا، کریس/ کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا، وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان-سلێمانی، ٢٠٠٤ز.

٦٣.گول، مارف عومەر/ جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، چاپی دووەم، چتپخانەی سەردەم-سلێمانی، ٢٠٠٢.

٦٤.مەنگوری، میرزا محەمەد ئەمین/ بەسەرهاتی سیاسی کورد لە ١٩٥٨/٧/٤تا١٩٨٥، چاپی دووەم، چاپخانەی داناز-سولەیمانی، هەرێمی کوردستانی ئێراق-ئێراق، ١٩٩٩ز.

٦٥.محەمەد باقی سەعید/ بیرەوری دەربارەی تاوانەکانی زەعیم سدیق و ئینزباتخانە-گرتوخانەی سەربازی سلێمانی لە سالانی ١٩٦١ بە دواوە، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٦ز.

٦٦. دامەزراندن و خەباتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان-بیرەوەرییەکان و خەباتی مامۆستایان بە درێژایی سەردەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ-سلێمانی، ٢٠١٣ز.

٦٧.محەمەد نوری تۆفیق کۆمەڵێك نووسەر/کارەساتی (مەنعی تەجەولی)ی ١٩٨٥ی شاری سلێمانی-گێڕانەوە-دیکۆمێنت، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان-سلێمانی، ٢٠٠٢ز.

٦٨.محمد عومەر مەولود/ فیدرالیەت و پیادەکردنی لە عێراقدا، وەرگێرانی: محمد عومەر مەولود و عومەر ئیبراهیم مەولود، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری٠هەولێر، ٢٠٠٦ز.

٦٩.د. محمود دەروێش نادر/گێژەڵوکەی دەروون، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات-هەولێر، ٢٠٢٠ز.

٧٠.مۆریاسی، تالیب/گەڕان بە دوای راستیدا-یادشتنامەی پێشمەرگەیەکی ماندوونەناس، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات هەولێر، ٢٠٠٨ز.

٧١.نەبەز، جەمال/ کوردستان و شۆڕشەکەی، وەرگێڕانی: کوردۆ عەلی، چاپی یەکەم، ، چاپەمەنی ئازاد-ستۆکهۆڵم، ١٩٨٥ز.

٧٢.نەوزەر رەشید/ناکۆکی لەسەر زەعامەت، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٢ز.

٧٣.نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن-دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٩-١٩٨٣، چاپی سێیەم، سلێمانی، ١٩٩٨ز.

٧٤.هەوراز جەوهەر مەجید/ شاری سلێمانی (١٤ی تەموزی١٩٥٨-١٧ی تەموزی١٩٦٨)-لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی ڕۆشنبیرییە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات-هەولێر، ٢٠١٢ز.

٧٥.وانلی، عیسمەت شەریف و ئەوانی تر/ گەلێکی پەرژموردە و نیشتمانێکی پەرت، وەرگێڕانی: م.گۆمەیی، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٨ز.

پێنجەم: نامە زانستییەکان:

٧٦.البوتاني، عبدالفتاح علی یحیی/ الحركة القومية الكوردية التحررية-دراسات و وثائق، تقديم: الاستاذ الدكتور خليل على مراد، الطبعة الاولى، دار سبيريز للطباعة والنشر-دهوك، أقليم كردستان العراق- العراق، ٢٠٠٤م.

شەشەم: بڵاوکراوەکان:
ا. بە زمانی عەرەبی:
٧٧. شيرزاد زكريا محمد/
مجلس قيادة الثورة في كوردستان(دراسة في علاقاته الخارجية)، مجلة جامعة زاخو ، مجلد ٣ (B) ، العدد (١)، سنة(٢٠١٥م).
٧٨. الوقائع العراقية- صحيفة، العدد (٧٧١)، السنة الخامسة، في (١٨ شباط١٩٦٣).
٧٩. الوقائع العراقيه-صحيفة، العدد٧٨١، السنه الخامسه، في (١٧اذار١٩٦٣).
٨٠. الوقائع العراقية، العدد (٨٢٠)، في (١٩٦٣/٦/٢٢)
٨١. جريدة المنار، العدد (٢٥٤٥) في (١٠ى شباط١٩٦٣).
ب. بە زمانی کوردی:
٨٢.ئەمیر محەمەد و عەباس کەریم/بەبۆنەی تێپەڕبوونی (٤٥) ساڵ بەسەر کارەساتی ٩ی حوزەیرانی١٩٦٣دا، گۆڤاری سلێمانی، ژمارە (٩٢)، حوزەیرانی٢٠٠٨ز، سلێمانی.
٨٣. ڕۆژنامەی خەبات-ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، خولی یەکەم، ژمارە (٤٦٩)، حوزەیرانی١٩٦٣، ل٧.
٨٤. ڕۆژنامەی خەبات-ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، خولی دووەم، ژمارە (٦٣٧)، (١٩٩٢/٩/٩)، بابەتی: ئەو تاوانەی لەبیر ناچنەوە، ل١١.
حەوتەم : سەرچاوەکانی ئنترنێت:
٨٥.هادى حسين عليوى/ منذر الونداوي، أول من قصف مكتب الزعيم عبدالكريم قاسم في وزارة الدفاع، شركة المورد، أخر زيارة (٢٠٢١/١٢/١٨) على الرابط: https://almawrid.news/articles/view/details.
٨٦.بدون مؤلف/ الاكراد والمشكلة الكردية، الموسوعة الكتاب، اخر زيارة (٢٠٢١/١٢/٢٠) على الرابط:
htm.Akrad/sec١٦٣/http://www.moqatel.com/openshare/Behoth/Siasia٢١
هەشتەم: چاوپێکەوتنەکان:
٨٧. چاوپێکەوتنی (بێستون عەلی کەریم) پیشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول و مامۆستای زانکۆی خانەنشین، ڕۆژی (هەینی)، بەرواری (٢٠٢١/١٠/٢٢ز)، کاتژمێر (٣)ی عەسر، سلێمانی، ماڵی خۆیان، گەڕەکی تووی مەلیك.
٨٨. چاوپێکەوتنی (د. خۆشەوی کەمال حەمە فەرج ئەفەندی) مامۆستای زانکۆ، کە باوکیان بە ناوی (کەمال حەمە فەرج ئەفەندی) کەسایەتییەکی دیارو ڕەسەنی شاری سلێمانی بوون و لەو ڕووداوەدا زیندە بە چالکراوەو شەهید بووە، ڕۆژی (یەکشەممە) بەرواری (١٩ىکانوونی یەکەمی٢٠٢١ز)، کاتژمێر (١٠)ی پێش نیوەڕۆ، سلێمانی، زانکۆی سلێمانی.
٨٩.چاوپێکەوتنی (سەلاحەددینی موهتەدی)، ڕۆژی (دووشەممە)، بەرواری (٢٠٢١/١١/١ز)، کاتژمێر (٥)ی ئێوارە، سولەیمانی، ماڵی خۆیان، گەڕەکی ڕزگاری
٩٠. چاوپێکەوتنی (سەعید سەلیم پشدەری) بەرپرسی لقی چواری سلێمانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕۆژی (شەممە)، بەرواری (١٨ی کانوونی یەکەمی٢٠٢١ز)، کاتژمێر (١١) پێش نیوەڕۆ، بارەگای لقی چوار.
٩٠. چاوپێکەوتنی (حاجی عەزیزی کۆستەی بان)، ڕۆژی (یەکشەممە) بەرواری (٢٨تشرینی دووەمی٢٠٢١) شارۆچکەی (بەکرەجۆ) گەڕەکی (کۆستەی بان)، کاتژمێر (٣)ی عەسر، ماڵی خۆیان.

٩١. چاوپێکەوتنی (موحەممەد ئەحمەد) کوڕی (ئەحە نەوتە)، ڕۆژی (هەینی)، بەرواری (٢٠٢١/١١/٢٦ز)، کاتژمێر (٣)ی عەسر، سولەیمانی، ماڵی خۆیان، گەڕەکی شەهیدانی ئازادی.

## ملخص البحث


يعد (التاسع من حزيران ١٩٦٣م) من أسود الايام التي عاشتها مدينة السليمانية وأبنائها في غضون قرنين من تأريخه، ذلك عندما قام (زعيم صديق مصطفي) امر لواء العشرين في الجيش العراقي بجريمة كبرى تجاه أهالي محافظة السليمانية عموما ومركز مدينة خصوصا، التي راحت ضحيتها (٢٨٠) من أبناء المدينة في غضون ساعات من يوم واحد. وبقى تلك الجريمة في ذاكرة أهالي المدينة والمحافظة كلها لسنين عديدة فيما بعد، يتكلمون عنها و يرون أحداثها للاخرين بحزن عميق.

لغرض التسلط على تلك الجريمة البشعة تجاه أهالي المدينة وضواحيها قمنا بأعداد هذا البحث في ثلاث مباحث. في المبحث الاول تطرقنا الى تاريخ الجريمة وأهم العوامل التاريخية ورائها. وخصصنا المبحث الثاني لتفاصيل الحادثة وما جرى في المدينة السليمانية في (٩ى حزيران)وأهم الاثار الجانيبة ورائها. اما في المبحث الثالث والاخير فخصصنا الى العوامل السياسية وراء تلك الحادثة. ثم أختتمنا بحثنا هذا بعدة نتائج التي وصلا اليها الباحثين و هذا ومن الله التوفيق.


## Abstract


In (June ninth, 1963AD) is considered one of the darkest days in which the city of Sulaymaniyah and its people lived within two centuries of its history, when (the leader of Siddiq Mustafa) commanding the twentyth Brigade in the Iraqi army committed a major crime against the people of Sulaymaniyah governorate in general and the city center in particular, whose victim (280) of the city's residents within hours of one day. This crime remained in the memory of the people of the city and the entire governorate for many years later, they talk about it and see its events for others with deep sadness.

For the purpose of controlling that heinous crime against the people of the city and its suburbs, we prepared this research in three sections. In the first topic, we discussed the history of crime and the most important historical factors behind it. We devoted the second topic to the details of the incident and what happened in the city of Sulaymaniyah on (June 9th), and the most important side effects behind it. As for the third and final topic, we devoted ourselves to the political factors behind that incident. Then we concluded this research with several results that the researchers reached, and this is from God the success.